

**گۆڤاری نما، ژمارە ٥٩، بەهاری ٢٠٢٥**

# بنەما مەعریفییەکانی جیابوونەوە/سەربەخۆیی[1]

## بۆچی جیابوونەوە لەسەر بنەمای مافی دیاری کردنی چارەنووسی بە کۆمەڵ رەوایە؟

سالار پاشایی

**پێشەکی**

لە سەردەمی ناسراو بە پاش کۆلۆنیالیزم و دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، زۆرێک لە نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ڕێگەی فۆرماسیۆنە سیاسییە جیاوازەکانەوە سەروەری سیاسی خۆیان بەدەست هێناو خەونی ئازادی و رزگاربوونی یەکجارییان لە ڕووی مێژووییەوە هێنایە دی. لە ساڵی ١٩٤٥ وە هەتا ئێستا، ژمارەی وڵاتانی ئەندامی سەربەخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ٥١ وڵاتەوە بۆ ١٩٣ وڵات زیادی کردووە. بەڵام کۆتایی هاتنی ئەم سەردەمە مێژووییە گرنگانە تا ئێستا، بە مانای کۆتایی هاتنی قورسایی ئەو ستەمگەرییە سیاسییە نەبووە کە لە دژی زۆرێک لەو نەتەوانەی وا لە ژێر ناوی "کەمینەی ئیتنیکی" تا ئێستاش لە چوارچێوەی حکومەتگەلێکی گشتی یان دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەتەوەیەکی باڵادەست بە شێوازی جۆراوجۆر لە سەرانسەری جیهاندا بەسەریاندا سەپاوە. پێدەچێت یاسا بنەڕەتییە هەنووکەییەکانی دەوڵەتە نەتەوەکان و پێکهاتەو دیمۆکراسی دامەزراوەییان، زۆرتر بەربەستە لە بەردەم ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی سیاسی-دیموکراتیک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ و مافی جیابوونەوە یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نەتەوە ژێردەستەکان و زۆرتر بووەتە هۆی بەردەوامیی ئەم ستەمکارییە مێژووییە سیستێماتیکە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە لە ئێستادا تێکۆشان و فۆرمە جیاوازەکانی خەبات بۆ جیابوونەوە و گەیشتن بە سەروەری سیاسیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە نێویاندا دیاردەیەکی جیهانییە. بە تایبەتی "لەو دەوڵەتانەی کە دامەزراوەی دیموکراتیکیان هەیە، سنووورە دامەزراوەکانی ئەو کەمە نەتەوانەی کە بە چڕی زۆرینەی نەتەوەیەک لە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراودا پێکدەهێنن، دەخرێنە ژێر پرسیارەوەو بە فەرمی نەناسراون. دیارە دەرفەتی ئاستێک بەشداریکردن لە بڕیارە

[1] ئەم لێکۆلینەوەیە سەرەتا ساڵئ ٢٠٢٠ بە زمانی ئەڵمانی لە ژێر چاوەدێری هەر دوو بەڕێزان پڕۆفیسۆر هێنینگ هان و فریدا ئۆتۆ وۆڵف لە ئینستیتۆی فەلسەفەی زانکۆی ئازادی بەرلین پێشکەش و پاشان بەفەرمی پەسەند کراوە.

سیاسییەکان و پێدانی ئازادییە سەرەتاییەکان، واتای چارەسەرکردنی ڕەوتی جیابوونەوەخوازی لە نێو ئەم دەوڵەتانە نادات. تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە مافی بەڕێوەبردنی هەرێمی و مافی کولتووری دیاریکراویان بە کەمینەکانیان بەخشیون، خۆیان ڕووبەڕووی هەوڵە جیاییخوازەکان دەبنەوە". (Dietrich 2010, 17)

ئاشکرایە کە گوتاری سیاسی و جیهانی زاڵ سەبارەت بە مافی دیاریکرنی چارەنووسی بەکۆمەڵ، هەموو جۆرە مافەکانی جیابوونەوە وەک چارەسەرێکی یاسایی-سیاسی بۆ ئەم داواکارییە بنەڕەتییە بەرحەقە بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سنوورە گشتییەکانی ئەو دەوڵەت نەتەوانەی کە ساڵانێکە هەن، پشتگوێ دەخات. بەپێی ئەم بۆچوونانە، بە پێداگریی لەسەر مافی تاکەکەسی مرۆڤ یان مافی هاوولاتی بوون، مافی بەکۆمەڵی نەتەوە ژێردەستەکان، وەک "جیاوازییەکی ئیتنیکی-فەرهەنگی" کەمینەیەکی ناو دەوڵەت-نەتەوە پێناسە دەکرێن، یان دادەبەزێندرێتە پێگەو ستاتووسی نۆیترالی هاوولاتییەکی ئەم دەوڵەت نەتەوانە. لە لایەکی دیکەوە بۆ ماوەی دوو سەدەیە کە ئەم پرسە بە شێوەیەکی عەقڵانیتر لە ئاستی سیاسیدا خراوەتە بەر باس و ئەمەش لە کردەوەو ئەزموونی پێکهاتە سیاسییەکانی دەسەڵاتدا، بووەتە هۆی دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوخۆیی لە چوارچێوەی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی فیدراڵیزم و دیسانتراڵیزەکردنی ئەم پێکهاتانە لە سەرانسەری جیهاندا. هەرچەند پێویستە ئەمە وەک ئاستێک لە چارەسەرێکی یاسایی لە پانتای سیاسیدا سەیر بکرێت، بەڵام لە چوارچێوەی فەلسەفەی ماف یان فەلسەفەی سیاسیدا وەڵامێکی پڕاوپڕو بنەڕەتی نییە بۆ پرسەکە. ئەمە ڕوانگەیەکی داشکێنەرانەیە کە مافی چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵ و مافی جیابوونەوە بۆ نەتەوە بە کەمینە کراوەکان یان گەلانی دیکە بۆ "ویستێکی کولتووری-زمانەوانی" کورت دەکاتەوە.

ئەم بۆچوونانە زۆربەیان هەندێک جۆری فیدراڵیزمی ناوچەیی وەک بەدیلێکی کۆتایی پێشنیار دەکەن. لە هەندێک ئەزموونی سیاسیدا، وەک لە یوگۆسلاڤیا لە دەیەی نەوەدی زایینی و لە عێراقی ئەمڕۆدا، فیدرالیزم یان بە شێوەیەکی کارەساتبار شکستی هێناوە یان بە لەشکرکێشی سەربازی لەلایەن حکومەتی ناوەندی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان و پێشێلکردنی بەرفراوانی مافی مرۆڤ، بۆتە هۆی ستەمکاری بەرفراوانترو ئەگەری هەڵوەشانەوەی بە گۆڕینی هاوسەنگی هێز وەک شمشێرێکی دامۆکلوس بەسەرییەوە وەستاوە.[2] هەروەها چەندین ئەزموونی بەرچاوی فیدراڵی هەیە، کە تێیدا دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوچەیی بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتاندا لە ژێر سیستەمێکی سیاسی لامەرکەزی گشتیدا وەک لە سویسرا، هیندستان، ئەڵمانیا و ئەمریکا و هتد ڕێکخراوە و پراکتیزە دەکرێت. بەڵام لێکدانەوەی زاڵ بۆ ئەم چەشنە دێمۆکراتیزە کردنە لە کۆتاییدا مافی جیابوونەوە لە سۆنگەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بنەڕەتی بەکۆمەڵ، لە ڕێگەی هەژموونی دەسەڵاتی دەوڵەتی و لەشکرکێشی سەربازییەوە بۆ سەر گەلان یان نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیدا بلۆکە دەکات. ڕیفراندۆمێکی ئاشتیخوازانەی دێمۆکراتیک بۆ مافی جیابوونەوە بەزۆری لەلایەن دەوڵەتانی بەناو دێمۆکراتیکەوە وەک "خیانەتێکی باڵای نیشتیمانی" ئیدانە دەکرێت و لە کۆتاییدا بە فەرمی ناناسرێن[3]. لەوانەیە دەگمەن بن ئەو نموونانەی وەک یاسای دەوڵەتی بەریتانیا کە بە فەرمی ڕێگەی بە بەڕێوەچوونی یاسایی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بۆ نەتەوەی سکۆتیشەکان لە سکۆتلاند دابێت.

[2] لە دوایین حاڵەتدا، دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان (لە 25ی سێپتەمبەری 2017)، لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017، حکومەتی ناوەند دەستی بەسەر شاری ستراتیژیکی کەرکوک (بۆ بەرهەمهێنانی نەوت) لە ڕێگەی لەشکرکێشی سەربازی بە مەبەستی مسۆگەرکردنی ئەولەویەتی جیابوونەوەی نەتەوەی کورد گرت.

[3] بۆ وێنە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کەتەلۆنیا لە ١ی تشرینی یەکەمی 2017، پوچدیمۆنت سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ڕووی سیاسییەوە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە وەک خائینێکی نیشتمانی گۆشەگیر کرا و بڕیاری دەستبەسەر کردنی لە دادگای باڵای وڵات بۆ دەرچوو.

پێدەچێت لێکدانەوەی ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤ و دیموکراسی ناسروا زۆر سنووردار و چارەسەرنەکراو بێت، بەتایبەتی بەپێی تیۆری سیاسی و لەژێر تیشکی زانستی سیاسی و یاسای نێودەوڵەتیدا. لە بەرامبەردا، "دەبێت بناغەیەکی فەلسەفی یاسای نێودەوڵەتی بتوانێت بە شێوەیەکی نۆرماتیڤ پاساو بۆ ناوەڕۆکی ناوەندی ئەم سیستەمە یاساییە بهێنێتەوە. ئەمەش مافی چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵیش دەگرێتەوە، کە بنەمای مافی ئەرێنی خۆبەڕێوەبەری و یەکپارچەیی سەرزەمینییە لە دەوڵەتە سەروەر و شەرعییەکان، لانیکەم لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە رەخنەگرانە بداتە بەرباس" (Oldenbourg, 2019: 26).

جگە لەوەش، دەتوانرێت پێوەندی نێوان مافی تاک و بەکۆمەڵی مرۆڤەکان، ویستی چارەنووسی بەکۆمەڵ و بەو هۆیەوە مافی جیابوونەوە لە مشتومڕە هاوچەرخەکانی فەلسەفەی ئەخلاقی-سیاسیدا بە شێوەیەکی بنەڕەتیتر بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ و مافی جیابوونەوە یان سەربەخۆییخوازی لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی و نەریتی کۆماریخوازیدا سەرلەنوێ دارێژراوەتەوە. ڕوانگەی لیبراڵی دیکەش هەوڵیانداوە کە تیۆرێکی هاوشێوە لەم بارەوە بخەنە بەر شرۆڤە کردن. لە ڕوانگەی تیۆری کۆماریخوازییەوە ئەندریاس ئۆلدنبۆرگ هەوڵیداوە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی „کێ نەتەوەیە"؟(2019) لە چوارچێوەی پراکتیکێکی شرۆڤەکارانەی نێودەوڵەتیدا، مافی "سەرەکی" بۆ جیابوونەوەی دانیشتووانێک کە بەشێویەکی چڕوپڕ لە زێدی هەزاران ساڵەی خۆیان دەژین، وەک چارەسەرێک لە دژی " هەیمەنەی سوڵتەی زاڵ" لەبەرچاو بگرێت. جگە لەوەش، بە پێی ئەم بۆچوونە، "مافێک هەیە کە بە شێوەیەکی کاریگەر داوای پێداچوونەوەی رەخنەگرانە و بنەڕەتی نەزم و دەستووری هەبوو هەتا بە فەرمی ناسینی جیابوونەوە یان سەربەخۆیی بۆ نەتەوەی ژێردەست دەکات."(2019:47) تێگەی "ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون"، چەمکێکی بنەڕەتییە لەم دیسکۆرسەدا، کە تێیدا هەموو جۆرەکانی ستەمگەری سیاسی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی نەتەوەکان کە بەناوی „ئاسایشی نەتەوەییەوە" لەلایەن دەوڵەتانی ئێستاوە ئەنجام دەدرێت، دەباتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە دەتوانرێت نەبوونی ڕێساو یاسایەکی بنەڕەتی نێودەوڵەتی کە ئەم مافانەی لەبەرچاوگرتبێت، بە نادادپەروەرانە وەسف بکرێت. سیستەمێک کە خۆی بە دیموکراتیک ناو دەبات لەکاتێکدا کە مافی چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵ و جیابوونەوە پشتگوێ دەخات، ناتوانێت بە تەواوی نوێنەرایەتی بەهاکانی دیموکراسییەکی راستەقینەو بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا بکات.

لەم کۆنتێکستەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە چۆن لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ چارەنووسی بەکۆمەڵ و مافی جیابوونەوە دەتوانێت نەتەوەکان بەرەو لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ ئازادییە بنەڕەتییەکانیان ببات؟ چۆن دەتوانرێت لە ژێر تیشکی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا جیابوونەوە وەک پرسێکی ئەخلاقی و نۆرماتیڤ سەیر بکرێت؟ بنەماکانی دادپەروەری لە کوێی ئەم مشتومڕەدا وەستاون؟ چۆن لێکدانەوەیەکی قووڵ بۆ دیموکراسی دەتوانێت ڕەوایی بدات بە ململانێکردنی هەموو دەستوورەکانی ئێستا سەبارەت بە مافی جیابوونەوە بۆ گەلانی ستەملێکراو؟ لە چوارچێوەی ئەم باسەدا، ئەم پرسیارانە بە شێوەیەکی ئارگۆمێنتاتیڤ و ڕەخنەگرانە کە لەسەر بنەمای کۆماریخوازی لە فەلسەفەی سیاسیدا سەبارەت بە مافی

جیابوونەوە لەلایەن  نووسەری ئەڵمانی ئاندریاس ئۆڵدنبۆرگەوە (2019) داڕێژراوەتەوە، دەخرێتە بەر باسێکی فرەڕەهەندەوە. جگە لەوەش دەکرێت لە کۆتاییدا پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونە فەلسەفیەوە شرۆڤە بکرێت.

## 2. ڕوانگە هاوچەرخەکان بۆ جیابوونەوە

ئۆڵدنبۆرگ بە داڕشتنەوەی ڕەخنەگرانەی سێ ڕوانگە لە تیۆری جیابوونەوەخوازی (یان سەربەخۆییخوازی) - واتە مافی بەرگریکردن لە خۆ، یاسای سەرەتایی ڕاپرسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی - (2019) هەوڵدەدات سنوور و بەربەستەکانیان تێپەڕێنێت. نەبوونی بانگەشەی ململانێیەکی ڕەخنەگرانەو کاریگەری دەستوورەکانی ئێستا، شەرعیەتدان بە مافی جیابوونەوەی ئەو نەتەوانەی پرسی ناسیۆنالی خۆیان دادەڕێژنەوە، دانپێدانانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ وەک دەستپێکی ڕەوا و پێشمەرجی مافی جیابوونەوە و کەموکوورییەکانی ڕێساو یاسا نێودەوڵەتییەکان و هتد، گرنگترین خاڵەکانی ڕەخنەن کە ئۆڵدنبێرگ لەسەر تیۆرییەکانی ئێستای سەبارەت بە جیابوونەوە هێناویەتە ئاراوە.

سێ ڕێبازەکەی ئالن بوکانان و کریستۆفەر ویلمان و دەیڤید میلەر خۆیان وەک ڕێبازی لیبڕاڵ پێناسە دەکەن کە تێگەیشتن لە ئازادی وەک بەهایەکی ناوەندیی لیبرالیزم، وەک ئازادی لە دەستێوەردانی دەرەکی یان وەک چارەنووسی سەربەستانە یان تێکەڵەیەک لە هەردووکی دەخرێتە بەرباس(2019:17). چربوونەوەی ئەم تیۆرییە کۆمەڵایەتییە-کۆمەڵگەرایانە لە تێگەیشتنی ئازادی کە لە سەرەوە باسمان کرد، زیاتر لە بەهای کۆمەڵگەی کولتووریدا خۆی دەبینێتەوە. لەبەرامبەردا ئۆڵدنبۆرگ لە ڕێبازی کۆماریخوازانەی خۆیدا، هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئارگومێنتی فیلیپ پێتیتەوە (1999، 2012، 2017) بەهایەکی بەهێزتر بە کۆمەڵگەی سیاسییەوە ببەستێتەوە، ئەویش تێگەی "ئازادی وەک ژێردەستەنەبوون"ە. جگە لەوەش، تیۆری جیابوونەوە کە ئەو پەرەی پێداوە، ڕوانگەکەی جیای دەکاتەوە لە هەموو ڕێبازەکانی پێشوتری. ئەم تێڕوانینە کۆمارییە بە یەکخستنی هەموو سوود و خاڵە پۆزێتڤەکانی سێ تیۆری هەنووکەیی جیابوونەوە، هەوڵیداوە خاڵە لاوازەکانیان تێپەڕێنێت.

لە بنەڕەتدا "ئەم ئایدیالە ئازادییە کاتێک بەدی دێت کە کەس دەسەڵاتی ئەوەی نەبێت بە ئارەزووی خۆی دەستێوەردان لە ئازادیی کرداری ئەوانی دیکەدا بکات. بەم پێیە دەتوانرێت جیابوونەوە وەک چارەسەرێک لە دژی فۆرمەکانی جیاوازی هەژموونگەری یان ستەمگەری بەڵگەدۆزی بۆ بکرێت" (2019:16). ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ڕوانگەی کۆمارییخوازیی فەلسەفییەوە، هەموو جۆرە جیاوازەکانی سوڵتەو ستەمگەری کە تا ئێستا بەپێی دەستوورە هەنووکەییەکان بڕیاریان لەسەر دراوە، دەخرێنە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش دەتوانێت لە دەسەڵاتی داگیرکارانە و شێوەکۆلۆنیالیستییەوە دەست پێبکات تا نەبوونی مافی پێداچوونەوەو ریفۆرمی بنەڕەتی بۆ نەزمی دەستووریی هەنووکەیی. واتە لە کۆتاییدا خواستی مافی دیاری کردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ و جیابوونەوە و هەوڵ بۆ ڕزگاربوونی یەکجارەکی بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان لە دژی نەتەوەی باڵادەست دەسەلمێنێت، کە پێویستە بە شێوەیەکی نۆرماتیڤ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

جگە لەوەش، زاڵبوونێکی پێکهاتەیی کە لەم چوارچێوەیەدا پێناسە دەکرێت، لەلایەن ئەکتەرە دەوڵەتییەکان لە ڕێگەی پێگەی باڵادەستی هێزی خۆیانەوە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێنرێت و بەڕێوەدەچێت. دیارە ئەم جۆرە پاساوانە بۆ نۆرم و ڕێساکان پێشگریمانەن. لەم مشتومڕەدا، تێگەیشتن لە تێزی "ئازادی وەک ژێردەستەنەبوون"، بە واتای بردنە ژێر پرسیاری باڵادەستی پێکهاتەیی لە ڕێگەی مافی پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانەی کارتێکەرەوە بە نۆرمەکان و بەوهۆیەوە، بەرەوڕوو بوونی باڵادەستی پێکهاتەیی. ئەم پرسیارکردنە ئەرکێکی سەرەکی فەلسەفەی سیاسییە نەک هەر بە گوێرەی ئۆڵدنبۆرگ، بەڵکو بە گوێرەی نووسەرانی وەک ئیبسن و لیندێریش(Ibsen und Linder 2012:74).

دیارە تێزەکەی فیلیپ پێتیت کە لەلایەن ئۆڵدنبۆرگەوە سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوە، واتە تێگەیشتن لە "ئازادی وەک ژێردەستەنەبوون"، دەتوانرێت زیاتر بە پێگەی مرۆڤە ئازادەکان لە کۆمەڵگادا ببەسترێتەوە. ئەم پێگەیەش دیارە بەستراوەتەوە بە دەوڵەتە ئازادەکانەوە. ئەم پەیوەندییە دەستوورییە یەکسانە، ئەوە دەردەخات کە دەوڵەتی ئازاد لەلایەن هاووڵاتیانی خۆیەوە پێکدەهێنرێت و تەنیا کاتێک ئازادە کە ئازادی هاووڵاتیانی پێکبهێنێت و بیپارێزێت. لە ڕوانگەی کۆمارییخوازییەوە دەکرێ چارەنووسی بەکۆمەڵ و بانگەشەی جیابوونەوە وەک ئازادیی دەستەجەمعی و مافی مرۆڤ کۆبکرێنەوە. بەم مانایە ئەم لێکدانەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە سەبارەت بە تێگەکان وەک دادپەروەری و شەرعیەت و پێوەندی نێوان مافی مرۆڤی تاک و مافی نەتەوەکان، کە لە بەشەکانی داهاتوودا باس دەکرێن.

خاڵێکی دیکە بریتیە لە دەستەبەرکردنی مافی کەمینەکان لە دەستووری دیمۆکراتیک و دیمۆکراسی لەبەرانبەر حوکمڕانی زۆرینەدا. مەبەست لێی ئەوەیە کە لە حاڵەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ و مافی جیابوونەوە بۆ کەمە نەتەوەییەکان کە خۆیان وەک گەلێک یان نەتەوەیەکی جیاواز پێناسە دەکەن، مەترسیی ستەمکاری لە ڕێگەی حوکمڕانی زۆرینە بە ناوی بڕیاری دیمۆکراتیک دژ بە مافی ئەوان دەتوانێت زۆر بێت.[4] لەم جۆرە حاڵەتانەدا، پێشێل کردنی مافی ئەم نەتەوانە دەبێتە هۆی لەراستیدا مامەڵەیەکی نادیمۆکراتیک لەگەڵیان و دواهاتەکەیشی دەبێتە سەرکوتکردنی توندوتیژانەی سیستێماتیکی ئەوان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە. پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکانی کەتەلۆنیا لە دوای ڕیفراندۆم لە ساڵی ٢٠١٧ەوە نموونەی زەقی ئێستان تەنانەت لە سیستەمێکی بەناو دیموکراسی ڕۆژئاواییشدا چ بگات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاخێنراو لە فاناتیزم و دیکتاتۆری.

لە چوارچێوەی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەدا، پێشێلکاریی جددی مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە گرووپی ژێردەستە بەرجەستە دەکرێتەوە. وەک نموونەیەکی ئەرێنیش، دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بە دۆسیەی سکۆتلەندا لە ١٨ی سێپتامبری ٢٠١٤ کە بە شێوازێکی دیموکراتیک و ئاشتیخوازانە و بەبێ دەستێوەردانی توندوتیژی لەلایەن پۆلیسەوە.

لە درێژەی قووڵبوونەوەی زیاتر لە تیۆری کۆماریی بۆ جیابوونەوە، جیاوازییەک لە مافی نەتەوەکان لە نێوان ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا دەکرێت (2019:186). لەلایەکەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی گەلێک وەک خۆبەڕێوەبەریی ژێردەوڵەتی لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵی یان فۆرمێکی ئۆتۆنۆمی لە پێکهاتەیەکی دەوڵەتی سیاسی لامەرکەزیدا خراوەتە بەرباس. لە لایەکی دیکەوە، مافی دیاری کردنی چارەنووسی

[4] فرانک دیتریش لە کتێبی "جیابوونەوە و دیموکراسی"دا سەبارەت بە چەمکی نەتەوە لەسەر ئەو بۆچوونەیە: "بەپێی ئەو تێڕوانینە باوەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە، چەمکی نەتەوە لە بنەڕەتدا بە توخمێکی سوبژێکتیڤ پێناسە دەکرێت. بۆیە کۆمەڵێک مرۆڤ تەنیا لەو کاتەدا دەتوانن گەلێک پێکبهێنن کە ئەندامەکانی وشیارانە خۆیان وەک کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو ببینن. بەڵام هەستی سوبژێکتیڤی کەسانی پەیوەندیدار تەنیا وەک مەرجێکی پێویست بۆ دانپێدانان وەک نەتەوەیەک سەیر دەکرێت. بەپێی بۆچوونی هاوبەشی بەرفراوان لە یاسای نێودەوڵەتیدا، تایبەتمەندییە بابەتییە بەرچاوەکانی وەک مێژوویەک یان زمانێکی هاوبەش دەبێت ئامادە بێت."(٢٠١٠:٦٨)

دەرەکی-دەستووریش، وەک بە فەرمی ناسینی پاراستنی سەروەری سیاسی(بۆ نەتەوەی ژێردەست) لەبەرانبەر دەستێوەردانی دەرەکی و لە هەمان کاتدا بەدیهێنانی دێمۆکراتیکی مافی جیابوونەوە ئاماژەی پێ دەکرێت. مافی دەرەکی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵ بۆ گەلی ژێردەستە یەکسانە لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سیاسی فرەچەشن کە بتوانێت ڕێگەی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی نوێ خۆش بکات. ئەم ڕێبازە دیارە پێچەوانەی لێکدانەوەی زاڵی سەروەری ڕەهای دەوڵەتی نەتەوەی باندەستە کە تێیدا مافی دیاریکردنی  چارەنووسی دەرەکییەکانی وەک مافی حاکمییەتی سەرزەمینی و خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی ژێردەست پشتگوێ دەخات. بۆیە، مافی بەرهەڵستکاری کاریگەر لە بەرانبەر دەستوورە هەنووکەییەکان و بڕیارە سیاسییەکان کە لەلایەن حوکمڕانی زۆرینەیەوە لە کەیسەکانی سەرەوەدا پشتگوێ خروان، دەبێ وەک ڕێوشوێنێکی بەرپەرچدانەوەی ڕەوا لە ئاراستەی گۆڕینی بنەڕەتیان بەفەرمی بناسرێت. هەرلەسەر ئەم بنەمایەو لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە پێویستە مادەی یەکەمی بنیاتنانەوەی جاڕنامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین دابڕێژرێتەوە کە دەڵێت:

"هەموو گەلان مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. بەهۆی ئەم مافەوە، ئەوان بە ئازادی بڕیار لەسەر پێگەی سیاسی خۆیان دەدەن و گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان بە ئازادی و سەربەستانە دیاری دەکەن" (IPBPR 1966، مادەی 1.1؛ IPWSK 1966، بەندی، 1.1).

سەرەنجام مافی جیابوونەوە لە دەوڵەت یان وڵاتێک و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی لە ژێر ئەم مەرجانەی خوارەوەدا دەتوانێت ڕەوا بێت: ڕەهەندی دەرەکی-بنیانتەری مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی سەرەکی لە دژی  ئەم سێ فۆڕمەی سوڵتەو ستەمگەری بە فەرمی دەناسرێت: ١- کۆلۆنیالیزەکردن و داگیرکاری خاک. ٢. پێشێل کردنی هەمەلایەنە وسیستێماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە دژی نەتەوەیەکی دیاریکراو(جینۆساید، کۆمەڵکوژی وهتد). ٣. زاڵبوونی پێکهاتەیی دەسەڵات دژ بە کەمە نەتەوەییەکان (2019:410).

پرئاشکرایە بابەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ و جیابوونەوە، کۆمەڵێک ڕەهەندی فەلسەفی جیاواز لەخۆدەگرێت و لەوانە: بردنە ژێرپرسیاری هەموو جۆرەکانی سوڵتەو ستەمگەری و هەموو فۆڕمەکانی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی-سیاسی بەرامبەر بە گەلێک یان نەتەوەیەکی بەزۆر بەکەمینە کراو کە هاوکات لە ڕووی ئابوورییەوە لەلایەن حاکمییەتی زاڵەوە دەچەوسێندرێنەوە. تێڕوانینی کۆماریخوازانە لەم جۆرە بۆ **ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون،** بنەمای بنیاتنانی سەرەکییە بۆ ڕەواییدان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ و مافی جیابوونەوە یان سەربەخۆییخوازی. جگە لەوەش، ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵک، کە وەک بنەمایەکی بنەڕەتی دادپەروەری لە کۆمەڵگەی شارۆمەندیدا بەفەرمی ناسراون، دەتوانێت ببێتە هۆی لێکدانەوەیەکی وردتر بۆ نەک تەنیا ئازادییە تاکەکەسییەکانی خەڵک، بەڵکو بۆ ئازادییە سیاسییە گروپییەکان و مافی بەکۆمەڵی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینیش (ڕواڵز ٢٠١٧:٨١).[5] پێکهاتەیەکی سیاسی ناڕەوا کە نادادپەروەری و جۆرە جیاوازەکانی هەژموونی خۆی لەناو دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە ڕێگەی دەستوورەوە بەرامبەر گەلان یان نەتەوەکانی دیکە جێبەجێ دەکات، نیشانی دەدات کە

---

[5] ڕاولز لە تیۆری دادپەروەری خۆیدا بنەمای یەکەمی دادپەروەری بەم شێوەیە باس دەکات: "هەموو کەسێک دەبێ مافی یەکسانی هەبێت بۆ هەبوونی بەرفراوانترین سیستەمی ئازادییە یەکسانەکان کە لەگەڵ سیستەمێکی هاوشێوە بۆ هەموو کەسێکی دیکە بگونجێت" (1975، ل81)

چەندە بەرهەڵستکاری ئەکتیڤ لەبەرانبەر دەستووری هەنووکەیی لە ئاراستەی هێنانە ئارای مافی جیابوونەوە لەسەر بنەمای بەفەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە کۆمەڵ پێویستە.

لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئەخلاقەوە، ئەگەر هەموو مرۆڤەکان وەک بوونەوەرێکی یەکسان، ئازاد، کۆمەڵایەتی وعەقڵانی سەیر بکرێن،[6] دەبوو هەموو جۆرە هەڵاواردن و ستەمگەرییەک لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا بخاتە دەرەوی بازنەی هەڵسوکەوتی مرۆڤانەوە، واتە نەتەوەکانیش خاوەنی هەمان مافی یەکسانن لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیاندا. ئەگەر دان بە بوونی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکاندا بنرێت، ئەوا دەبێت هەموو فۆڕمەکانی ستەم و هەڵاواردن و ستەمگەرییش لە بنەڕەدا هەڵبوەشێندرێنەوە. زۆرێک ترسیان لەوە هەیە کە ڕەوایەتیدان بە مافی جیابوونەوە ببێتە هۆی ململانێی نەتەوەپەرەستی و پەرەسەندنی شەڕی خوێناوی! دەتوانین ئارگومێنتەکە بگۆڕین: لە لایەک ئاشتی تەنیا بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکان، وەک چارەنووسی بەکۆمەڵ و جیابوونەوە، - لە ڕوانگەی جاڕنامەی مافی گەلانەوە - وەک پرسیارێکی نۆرماتیڤ مسۆگەر دەبێت. بە بەراورد لەگەڵ شاردنەوەی ئاسایی فۆرمەکانی چەوساندنەوە بە ناوی پاراستنی سەروەری ڕەهای دەوڵەت، داننان بە مافی جیابوونەوە توانای زیاتری هەیە بۆ دەستەبەرکردنی دێموکراتیکانەو ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان. بەو مەرجەی ڕێگە بدرێت کە بەشێوازێکی ئاشتیخوازانە و دێمۆکراتیک پرۆسەکەی بە سەرەنجام بگات. لە لایەکی دیکەوە هانا ئارێنت لەسەر ئەوبڕوایە بوو (ئارێنت ١٩٤٩، ٢٠١٧) کە مافە ئەخلاقییە سروشتییەکان لەڕاستیدا بێ کەڵکن ئەگەر مرۆڤەکان هاووڵاتی ڕاستەقینە نەبن و بە هۆکاری جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەی سیاسی دوور بخرێنەوە. بێ دەوڵەتبوون لە ڕاستیدا کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤ وەک گروپێکی دانیشتوانی چڕبووی سەرخاکێک لە هەموو مافەکانی نیشتمان و خاکەکەی خۆی بێ بەش بکرێت و لە پەیوەندییەکی درۆیین و ستەمگەرانەدا نەک وەک هاووڵاتییەکی یەکسان، بەڵکو وەک هاووڵاتی پلە دوو و پلە سێ لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەت و نەتەوەی باڵادەستەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. واتە لەبری سیاسەتێکی دێموکراتیک و دادپەروەرانە، بە ئاسمیلەکردنی جۆراوجۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و پێکهاتەگەلی زۆرەملێ دوور لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لە کۆمەڵگادا بەسەردا بسەپێت.

هەروەها پێدەچێت پێویستییەکی جیددی هەبێت بۆ پێناسەیەکی کۆنکرێت بۆ تێگە یان چەمکی "گەل" و "نەتەوە" چونکە ئەمانە بەداخەوە بە وردی لە جاڕنامەی نێودەوڵەتی یاسای مرۆیی و جاڕنامەی ناسراو بە مافی گەلان دا ڕوون نەکراونەتەوە.

## 2.1. پرسی مافی نەتەوەکان و مافی تاکەکەسی مرۆڤ

لە ڕوانگەی کۆمارییخوازی فەلسەفەی سیاسییەوە، پرسی مافی نەتەوەکان لەم باسەدا ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕێت. ئەم بابەتە لە لایەکەوە لە ناو مشتومڕ و دیسکۆرسی دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا لەنگەری گرتووە و لە لایەکی دیکەوە پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ نەهێشتنی ئەو ناڕوونی و بەربەستانەی سەبارەت بە مافی جیابوونەوە یان سەربەخۆییخوازی هەیە. بەپێ پرەنسیپ، مافی جیابوونەوە - کە لەسەر بنەمای

[6] بۆ زیاتر خوێندنەوە لەسەر ئەم ڕوانگە و پێناسە ئانترۆپۆلۆژیکە لە مرۆڤ بڕوانە کتێبی بنەماکانی مێتافیزیکی ئەخلاقی کانت.

چارەنووسی بەکۆمەڵ وەک مافی گروپی پێناسە کراوە - دژایەتی مافی تاکەکەسی مرۆڤ ناکات. بەڵکو جاڕنامەی مافی گەلان بە مافەکانی مرۆڤ گرێ دەداتەوە.

لەم چوارچێوەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە مافی نەتەوەکان لەسەر کام سەرچاوەی بنەڕەتی دامەزراوە. پێدەچێت بە شێوەیەکی نۆرماتیڤ، پرەنسیپەکانی دادپەروەری و مافی بەکۆمەڵی دیاری کردنی چارەی خۆنووسین، فاکتەری چارەنووسساز بن بۆ ڕەوایەتیدان بە مافی جیابوونەوە لە مافی نەتەوەکاندا.[7]

بەپێی تیۆری ڕەزامەندی Zustimmungstheorie، دەربڕینی ڕەزامەندی لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ پەسەندکردنی پەیماننامەی مافی نەتەوەکان پێشمەرجە. واتە دەبێت لە ڕووی نۆرماتیڤیشەوە ڕەوا بێت کە بۆچی ئەم ڕەزامەندییە بەپێی بنەمای گشتی ماف پابەندکەر بێت - کە پێویستی بە پابەندبوونە بە پەیماننامەی مافی نەتەوەکان. جگە لەوەش ئەم ئارگۆمێنت هێنانە نۆرماتیڤە خۆی ناتوانێت لە ڕەزامەندیدا بێت. بۆ ئەوەی ئارگومێنتێکی بازنەیی نەبێت، تیۆری ڕەزامەندی ئاماژەیە بۆ بنەماکان یان پرەنسیپەکانی دادپەروەری. ئاماژە بەوەش دەکرێت کە "کێشەی زیاتر لە تیۆری ڕەزامەندیدا هەیە: واتە یەک لایەنە گرێدراوە بە پراکتیکی دەوڵەتەوە. ئەگەر ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان "ئیرادەی" دەوڵەتەکان و مافی نەتەوەکان بکرێت، ئەوە دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ بەڵگەدۆزی بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕەوایەتی نۆرمێک لە دژی دەوڵەتێک کە لەسەر نۆرمێک ڕازی نەبووە ناهێڵێتەوە!"(بڕوانە کۆسکێنیمی، 2005 :311).

بەپێی تیۆری ماف تەوەریی Deklaratorische Theorie ، بەفەرمی ناسینی دەوڵەتەکان دەبێت لەسەر بنەمای ڕاستییە دیاریکراوەکان بێت، بەڵام ئەمە پێویستی بەو نۆرمانە هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم ڕاستیانە وەک پەیوەندیدارێتی ماف تەوەرانە تێبگەین. لە بەرامبەردا تیۆری بونیاتنەرانە Konstituierende Theorie ، سەرەتا جەخت لەسەر بەفەرمی ناسینی نۆرمەکان دەکاتەوە و بۆ ئەوەی ئەم نۆرمانە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوە بەس نیە کە تەنها ئاماژە بە تیۆری دادپەروەری Gerechtigkeitstheorie بکات. ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە دوو ڕوانگەکە بەیەکەوە گرێدراون. تا ئێستا دەتوانرێت گرێدراویی و پابەندبوونی ڕاستەوخۆی نێوان سەرچاوەکانی مافی نەتەوەکان و پراکتیکی دەوڵەت و بیرۆکەکانی دادپەروەری کە پێشتر باسی کرا، وەک نموونەیەکی گشتی ئارگیومێنتەکە لەم مشتومڕەدا ببینرێت. بە بڕوای کۆسکێنیمی دەکرێ بەو دەرەنجامە بگەین کە مافی نەتەوەکان روخسارێکی سیاسی هەیە و پێویستە دوکترینەکانی جیابوونەوەش لە ژێر ڕۆشنایی ئەم کاراکتەرەدا دابڕێژرێنەوە.[8]

داکۆکیکارانی لیبڕاڵ لە یاسای بەرگریکردن لە خۆ (لەوانەش بوکانان ١٩٩٧) پرسیارێکی ڕاستەوخۆتر دەکەن کە لە چ هەلومەرجێکدا دەستوەردان لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکان ڕێگەپێدراوە؟ ڕوونی دەکاتەوە کە ئەگەر حکومەتێک بە

---

[7] لەم چوارچێوەیەدا، شارەزای مافی نەتەوەکان(میلینا ستێریۆ٢٠١٣) ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی زلهێزەکان (وەک گروپی هەشت و زلهێزە ئەتۆمییەکان: هیندستان، ئیسرائیل و پاکستان) لە دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە کەیسەکانی جیابوونەوە و سەربەخۆیی وڵاتانی نوێی وەک کۆسۆڤۆ، تیمۆری ڕۆژهەڵات و باشووری سودان لەم دواییانەدا بە وردی خستۆتە بەرباس.

[8] سەبارەت بە چارەسەرکردنی ململانێی نێوان سەروەری دەوڵەت و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، دیتریش خاڵگەلێکی دیکە دەخاتە بەردەست: "بنەماکانی مافی نەتەوەکان لە بنەڕەتدا دوو ستراتێژی بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نێوان سەروەری دەوڵەت و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان پەیڕەو کردووە. لە لایەکەوە ئەو بۆچوونە دەگرێتەخۆ کە مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنیا لە پرۆسەی دیکۆلۆنیالیزە کردندا دانپێدانراوە و ناتوانێت لە چوارچێوەی دیکەدا ئیدیعای ڕەوایەتی بکات. لە لایەکی ترەوە ئەو بۆچوونە دەردەبڕدرێت کە مافی چارەی خۆنووسین هی هەموو ئەو نەتەوانەیە کە خۆیان لە ناو دەوڵەتێکی هەبوودا لە ژێر چەوساندنەوەی بەرفراواندا دەبیننەوە. بەپێی هەردوو هەڵوێستەکە، بە هۆی مافەکانی سەروەری دەوڵەت، دەرفەت و ئیمکانی بنەڕەتی نەتەوە یان گەلێک بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە فەرمی لەم بوارەدا زۆر بەرتەسک دەکاتەوە". (فرانک دیتریش٧٣:٢٠١٠).

شێوەیەکی بەرفراوان و جیددی پێشێلکاری مافی مرۆڤ دژی بەشێکی دانیشتووانی هەرێمێک، واتە نەتەوەیەکی ژێردەست بە ئەنجام بگات، ئەوە داواکاری جیابوونەوە ڕەوایە.

ئۆلدنبۆرگ لەسەر بنەمای ڕوانگەی لیبراڵی کۆسکێنیمی هەوڵدەدات ڕەخنە لە پراکتیکی دەوڵەت لە چوارچێوەی ڕاوێژ و پێداچوونەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بگرێت بۆ ئەوەی گرفتەکانی پرسی شەرعیەت لە جاڕنامەی مافی نەتەوەکاندا دەستنیشان بکات. باڵادەستی پێکهاتەیی دەوڵەتانی ئێستا بەسەر گرووپە نەتەوەییە جاییخوازەکاندا، نەبوونی کێبڕکێی نۆرم و پرۆسەی دامەزراوەیی کارپێکراو و ناهاوسەنگییە بەرفراوانەکانی دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتەکاندا، کەموکوریگەلێکی بەرچاون لە جاڕنامەی مافی نەتەوەکاندا. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەم کورتهێنانانە لە بنەڕەتدا بە مانای ڕەتکردنەوەی تەواوی خاڵە پەسندکراوەکانی ئێستای جاڕنامەی مافی نەتەوەکانە. لە ڕوانگەی کۆمارییخوازیی فەلسەفییەوە، نۆرماتیڤ بوون لەسەر بنەمای بنەڕەتی ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون، دەبێتە هۆی شەرعیەتی جاڕنامای مافی نەتەوەکان. بەم پێیە، جاڕنامەی مافی نەتەوەکان، بە پێچەوانەی پێکهاتەی ئەستونی(لەسەرەوە بۆ خوارەوە) پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا وەک سووژە، پێکهاتەیەکی ئاسۆیی هەیە کە تێیدا ئەکتەرەکان - واتە ئەکتەرەکانی جێبەجێکردن و بەڵێنمەند بە یاسا - هاوشێوەی یەکترن. جگە لەوەش، وادیارە سەروەری دەوڵەتان لە ڕێگەی بەسیاسیکردنی مافی نەتەوەکان، ڕەوایەتی بەدەست هێناوە. لە هەمان کاتدا گەلانی پێکهێنەری شوناسە دەوڵەتییەکە تا ئێستا گرێدراوی ڕێسا و یاسا ناسراوەکانی ناو ئەم دەوڵەتانەن. ڕوانگە کۆمارییەکە پێی وایە کردەوە سیاسییەکانی دەوڵەتان کە لەسەر بنەمای سەرچاوە کلاسیکییەکانی مافی نەتەوەکان دامەزراون، دەتوانن بۆ چاکسازی و ریفۆڕمی بنەڕەتی لە جاڕنامەی مافی نەتەوەکاندا یەکلاکەرەوە بن، بەتایبەت کاتێک کە میکانیزمە نوێیەکان لەم پێناوەدا پێناسە دەکرێن.

لە چوارچێوەی جاڕنامەی مافی نەتەوەکاندا، ڕێبازی کۆماریخوازی سەرەتا داوای جێبەجێکردنی باشتری دەکات. بۆ نموونە: وای دابنێین ئەگەر کۆمەڵێک دەوڵەت - کە قەناعەتیان بە مافی جیابوونەوە هەبێت — دەتوانن ڕێگە بدەن مافی جیابوونەوە بەڕوونی بگوازرێتەوە بۆ ناو جاڕنامەی مافی نەتەوەکانی ئێستا، ئەوە ڕێکارێکی ئایدیاڵ دەبێت.[9] ئەم جۆرە دانپێدانانە بە مافی جیابوونەوە بەپێی تیۆری ماف تەوەریی و پێکهێنەرگەرایی خاوەن شەرعییەت و ڕەواییە.[10] جگە لەوەش، لە ڕوانگەی ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا، ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون ڕێزی لێدەگیرێت کە کۆمەڵێک دەوڵەت وەک ئەکتەری بەکۆمەڵ لە یەک کاتدا لەسەر بنەمای ئەخلاقی، مافی تاکەکان و مافی گرووپە جیاوازەکان بەڕەسمی دەناسن و دەیپارێزن.

ئارگومێنتی تەواوکەری دیکەش هەن کە ئاماژەن بۆ پێداچوونەوە بە کەیسە دیاریکراوەکانی وەک دۆسیەی کۆسۆڤۆ لەلایەن دەوڵەتانی زلهێز و دادگای نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی جاڕنامەی مافی نەتەوەکان سەبارەت بە ململانێکانی جیابوونەوە و پەرەسەندنیان. ئەمەش وەک ڕێکارێکی کردەیی دەتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان و قەیرانە

---

[9] لە سەردەمی کانتەوە تا ئێستا، وەک بەرپەرچدانەوەی جیابوونەوە، فیدراڵیزم لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی بەناوی دەستەبەرکردنی ئاشتی بۆ ناوچە هەرێمیەکانی یان بۆ کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە داڕێژراوە (بڕوانە کانت، لەسەر ئاشتی هەمیشەیی ١٧٩٥) چەندین ڕێباز لەم چوارچێوەیەدا لە دیدگای لیبراڵەوە بۆ کۆمارییەکان لە یەک کاتدا ئاماژە بە سوودەکانی سیستەمی فیدراڵی لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان دەکەن بە بەراورد لەگەڵ نارەزایەتییەکان بەرامبەر بە جیابوونەوە. (بڕوانە کۆسکێنیمی ٢٠٠٥، ئۆلدنبۆرگ ٢٠١٦، ٢٠١٩).

[10] دوای تێبینییە ڕەخنەییەکانی، دیتریش پێشنیارێکی دیکەی هەیە سەبارەت بە خستنەڕووی یاسای جیابوونەوە: "یاسای نێودەوڵەتی هیچ پابەندبوونێکی تێدا نییە کە سوود لە مافە سەروەرییەکانی ئێستا و پاراستنی یەکێتی خاکی وەربگرێت. لە ئەنجامدا دەوڵەتان دەتوانن بە ئاسانی مافی جیابوونەوە لە ڕاپرسییەکدا بخەنە ناو دەستوورەکانیانەوە بەبێ ئەوەی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل بکەن".

سیاسییەکان سەبارەت بە پێشێلکارییە بەرفراوانەکانی مافی مرۆڤ لە دژی کەمینە نەتەوەییەکان و ناوچە سنووردارەکان بەکاربهێنرێت.

## 2.2. بنەماکانی دادپەروەری لە هەمبەر مافی جیابوونەوە

وەک پێشتر بە کورتی باسی کرا، ڕێبازی کۆمارییخوازی لە فەلسەفەی سیاسیدا پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان چارەنووسی بەکۆمەڵ و مافی تاکەکەسی مرۆڤدا دەبینێت. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانرێت بانگەشەکانی جیابوونەوە وەک ئازادیی بەکۆمەڵ لەگەڵ مافە تاکەکەسییەکانی مرۆڤدا کۆبکرێنەوە و باشتر لەوە تێدەگەین کە جیابوونەوە وەک ئازادی بەکۆمەڵ، نەک هەر مافە تاکەکەسییەکان پووچەڵ ناکاتەوە، بەڵکو پەرەیان پێدەدات. لەم ڕووەوە، ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون بە باشی بۆ بنیاتنانەوەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو توخمە گونجاوە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئازادی بەستراوەتەوە بە پێگەی مرۆڤێکی ئازادەوە و ئەم پێگەی ئازادە لە هەمان کاتدا بەستراوەتەوە بە دەوڵەتە ئازادەکانەوە. ئەوەش ئەو چارەسەرە دوو ڕەهەندییە کە تێیدا هاووڵاتیان لە بنەڕەتدا پێگەیەکی ئازادییان هەیە و ئەمەش لەگەڵ ئازادی وەک ژێردەستە نەبووندا دەگونجێت کە ڕەهەندێکی نۆرماتیڤی هەیە. چەمکی هاوڵاتی[11] لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئازادی تاکەکەسییان هەیە و بەم شێوەیە دەتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، بڕیارە سیاسییە تاکەکەسییەکان یان بەکۆمەڵەکانیان بەکاربهێنن. واتە لە ڕوانگەی کۆمارییەوە ئازادی تاک هەمیشە بەستراوەتەوە بە کردەوەی سیاسی بەکۆمەڵەوە.

پرسی دادپەروەری و شەرعیەت لەم دوو ڕەهەندە گرێدراوەوە سەرهەڵدەدات. ئەوەی کە کام ڕێسای کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە یان کام ڕێسای سیاسیی ڕەوایە، دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئارگیومێنتەکە زیاتر وەڵام بدرێتەوە. بەپێی تێگەیشتنێکی ناسراو، دادپەروەری بریتییە لە دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان، ماف و پابەندبوونەکان (Ladwig 2013, Part I). لە لایەکی دیکەوە کاتێک باس لە شەرعیەت دەکرێت، دۆخی تایبەتی نۆرماتیڤی کەسەکان یان ئەکتەرە حقووقییەکان دێتە ئاراوە کە زۆر جار تێگەیشتنێکە وەک مافی حوکمڕانی ( Schmelzle 2015, Chapter 1). لە کاتێکدا دادپەروەری ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی ئاسۆیی ناکۆنترۆڵکراو لە نێوان هاووڵاتیاندا، شەرعیەت ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی ئەستوونی تایبەت(لە سەرەوە بۆ خوارەوە) لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیاندا (Pettit 2012:136). وا دیارە، لەم ڕوانگەیەوە، شەرعیەتی دەوڵەتی ئازاد لەسەر بنەما سەرەکییەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی چارەی خۆنووسینی دیمۆکراتیک و چاوەدێری هەمیشەیی دیمۆکراسی لەلایەن هاووڵاتیانییەوە دامەزراوە و ئەمەش پێشمەرجێکی حاشا هەڵنەگرە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی دەستووریی دیمۆکراتیک . بەم مانایە، دەتوانرێت پەیوەندی نێوان شەرعیەتی سیاسی و کردەوەی بەکۆمەڵی هاووڵاتیان بخرێتە بەرچاو، کە دەتوانرێت وەک شێوەیەکی ژێردەستەنەبوون بەدیبهێنرێت. ئەمەش پێویستە پەیوەندی ڕەهەندی ناوەکی نێوان ئازادی تاک و بەکۆمەڵ دەربخات.

---

[11] بڕوانە هانا ئارێنت (1949، 1955)، پێگەی هاووڵاتی پێشگریمانەیە بۆ هاووڵاتیبوون، واتە بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ هەمیشە وەک هاووڵاتی دەوڵەت نەتەوەیە ک بە فەرمی ناسراون. لای فیلیپ پێتیت (b2012)، پێگەی هاووڵاتی ئاماژەیە بۆ بەشداری سیاسی لە دەوڵەتێکدا، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک هاووڵاتییەکی جیهانیش فراوانتر دەبێت. لە لای لیانکویَ(2016)، نەک هەر بەشداری سیاسی تایبەتمەندییەکی گرنگی پێگەی هاوڵاتییە، بەڵکو ئامانجی کردەوەی سیاسی بەکۆمەڵیش هاوشێوەی بیرکردنەوەکانی ئارێنت (1958)ە لەسەر چەمکی ئازادی و هاووڵاتی ئازاد بە بنەما دەگیردرێت.

بۆیە ئازادی وەک پرەنسیپی بنچینەیی ناهەژموونیک، پرۆسەیەکی دێموکراتیکە کە پێویستی بە چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵ هەیە. تێزی "مافی هەبوونی ماف"ی ئارێنت (1949) ڕێگە خۆش دەکات - وەک توخمێکی جیانەکراوەی پێگەی هاوڵاتیبوونی یەکسان - بۆ ئارگۆمێنت هێنانەوەی لۆژیکی بۆ خواستی جیابوونەوە یان سەربەخۆخوازیی وەک چارەسەرێک لە دژی پێشێلکارییە جددییەکانی مافی مرۆڤ لە نێوان دانیشتوانی چڕبوو لە هەرێمێکدا. ئەم مافە یاساییە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کەرامەتی مرۆڤەوە وەک بەشێکی ناوەندیی پراکتیکی مافی مرۆڤ. "داننان بە کەرامەتی سروشتی و مافە یەکسان و بێبەشنەکراوەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆیی، بنەمای ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێکدەهێنێت" (UN 1948: Preamble, emphasis A.O).[12]

"مافی هەبوونی ماف" وەک بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ ئازادی بە واتای ژێردەستە نەبوون، دەبێتە هۆی "ئەرکێکی پەیوەندیداری دادپەروەری" کە تێیدا هەموو مرۆڤێک خاوەن مافی ئازادی وەک ژێردەستە نەبوونە. ئەم ئەرکە هەموو کەسێک یان هاووڵاتییەک پابەند دەکات کە هەموو جۆرە سوڵتەیەک لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاومرۆڤەکانی دیکەدا هەڵپەسێرێت. ئەم "ئەرکی پەیوەندیدارانەی دادپەروەری" دەتوانرێت گشتگیر بکرێت بۆ پەیوەندی گرووپە نەتەوەییەکانی ناو دەوڵەتانی هەبوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ململانێکانی جیابوونەوە یان سەربەخۆییخوازیدا. لە هەر دوو ئاستدا ئەم ئەرکە لە سەر بنەمای زاڵ نەبوون بە مانای شەرعیەتی سیاسی وەک زامنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی دیاریکردنی دێمۆکراتیکی چارەنووسی خۆوە پێناسە دەکرێت.

ئەم مشتومڕە ئارگیومێنتاتیڤە سەبارەت بە ئەرکی پەیوەندیداری دادپەروەری سەرەنجام دەبێتە هۆی سێ گریمانەی ئاشکرا: ئا) بەهای ژێردەستەنەبوون دەبێتە هۆی ئەرکێکی ئەخلاقی کە ئاراستەی پەیوەندییە سیاسییەکانمان دەکرێت. ب) ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون بە تایبەتی بۆ بەفەرمی ناسین و شەرعیەت دان بە مافەکانی جیابوونەوە و بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری خاک گرینگە کە ئەرکی پێوەندیداری بنەڕەتی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. (ج) چەمکی ژێردەستەنەبوون وەک بنەمایەکی سەرەکی، دەتوانێت ماف و داواکارییەکانی دیکەش بگرێتەوە کە پەیوەندییان بە مافی جیابوونەوە (یان سەربەخۆییخوازییەوە) هەیە (Oldenbourg 2019:128).

## 2.3. مافی دیاری کردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ و جیابوونەوە وەک پرسێکی نۆرماتیڤ

وەک لە بەشی دووهەمدا بە کورتی باس کراوە، مافی چارەی خۆنووسین وەک مافێکی بنەڕەتی، لەسەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراوە کە لە مادەی یەکەمیدا بەم شێوەیە داڕێژراوە: “هەموو گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە. بە هۆی ئەم مافەوە ئازادانە بڕیار لەسەر پێگەی سیاسی خۆیان دەدەن و گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان بە ئازادی دیاری دەکەن” (UN, 1966). لە ڕوانگەی کۆمارییخوازیی فەلسەفەی سیاسیدا، لە چەمکی ئازادی کە لەم داڕشتنەوەی مافی چارەی خۆنووسیندا[13] هاتووە، دەبێ

[12] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە چاو لەم سەرچاوە بکە https://www.un.org/depts/german/menschenrechte/aemr.pdf

[13] سەبارەت بە سنوورداربوونی مافی چارەی خۆنووسین، دیتریش ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە: “مافی چارەی خۆنووسین تەنیا بۆ هاووڵاتیانی دەوڵەتانی هەبوودا سنووردار نییە، بەڵکو دەتوانێ بۆ بەشێک لە دانیشتووانی وڵاتەکە بگونجێت. ئەمەش لە لایەکەوە بە بەکارهێنانی

وەک پەیوەندییەکی (بنەڕەتی) ناسوڵتەیی وەک ئیستدلالێکی نۆرماتیڤ تێبگەین، کە تێیدا پێشمەرجەکانی وەک مافی مەدەنی-سیاسی-کۆمەڵایەتی مرۆڤ و مافی ژیان و تەندروستیی جەستەیی و خۆراک دەبێت مسۆگەر بکرێت. لە ڕووی تێگەییەوە، مافی چارەی خۆنووسین، دەبێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە هۆی فرەڕەهەند بوونییەوە دەستەبەر بکرێت. بەگشتی لەلایەک ڕەهەندی ناوەکی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک خۆبەڕێوەبەری لە شێوەی هەرێمی ژێردەوڵەتی یان ناوچەیی سنووردارکراو لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدا ناسراوە و لە لایەکی دیکەشەوە، ڕەهەندی دەرەکی ئەم مافە، وەک پاراستنی پێگەی سیاسی لە دەستێوەردانی دەرەکی پێناسە کراوە. ئەم جیاکارییە کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە کە گرووپێکی چڕبووەوەی سەرخاک یان هەرێمێک(وەک نەتەوەی دابەشکراوی کورد)، بیهەوێت بەهۆی پێشێلکارییە بەرفراوانەکانی مافی مرۆڤ بە ئازادی بڕیار لەسەر پێگەی سیاسی نوێی خۆی بدات. ئەمەش لە ڕوانگەی ئۆلدێنبۆرگەوە وەک مافێکی دەرەکی بنیاتنان بۆ دیاریکردنی چارەنووس فۆرموولە کراوە، کە فوکووسی ئەم مافە لەسەر جیابوونەوە و بونیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.

لە ڕوانگەی تەفسیری ئازادی وەک ژێردەستەنەبوون، بڕیاری بەکۆمەڵی ئازادانەی گەلێکی بونیاتنەر بۆ پێگەی سیاسی نوێی خۆی، نەک تەنیا لە ڕووی فەلسەفەی ئەخلاق و بنەماکانی دادپەروەرییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی مافە نێودەوڵەتییە دانپێدانراوەکانی مرۆڤەوە، دەتوانرێت ڕەوا ببیندرێت (مادەی یەکەم). دیارە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەرەنتیکردنی هەموو ڕەهەندە گرنگە چارەنووسسازەکانی مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ زۆر گرنگن[14]. چارەی خۆنووسینی دەرەکی-دامەزرێنەر لە ڕاستیدا ئاماژەیە بۆ پاراستنی سەروەری نەتەوەیەک لە هەموو جۆرەکانی سوڵتەی دەرەکی.

بەو پێیەی لە کاتێکدا مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی-بونیاتنەر دەتوانرێت ڕوونتر بۆ ئەم جۆرە بەدیلانەی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی ڕەوا ببینرێت، پێویستە ئەو پرسیارە بکرێت کە ئایا و لە چ هەلومەرجێکدا دەتواندرێت مافێکی لەو شێوەیە گەرەنتی بکرێت؟ بەپێی ڕوانگەی کۆماریخوازی لە فەلسەفەی سیاسیدا، ئەمە پێویستی بە بەفەرمی ناسینی مافەکانی گرووپی و بەکۆمەڵ وەک مەرجێکی یەکلاکەرەوە بۆ ڕەواییدان بە ڕەهەندی بونیاتنەرانەی دەرەکی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ هەیە(واتە وەک مافێکی سەرەکی). بەم مانایە جیاوازییە کولتوورییەکان لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان تێیدا نابێت. ئەم پرسە لە ڕاستیدا زیاتر ئاماژەیە بۆ کەمە نەتەوەییەکان کە خاوەن بنەما هاوبەشەکانی وەک ژیانی پێکەوەیی و چڕ لەسەر هەرێمێک و مەیل و وشیاری هاوبەشیان بۆ خۆناساندنیان لە گروپێکی نەتەوەیی دیاریکراودان، کە زۆرجار وەک دیاردەیەکی ئەزموونی لە خەبات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵدا دێتە ئاراوە. ئەمەش دیارە لە ڕووی نۆرماتیڤەوە پەیوەندیدارە بە کێشە گشتییەکانی سوڵتە بەسەر کەمینە نەتەوەییەکان. (هەمان سەرچاوە: ٢٠٠) جگە لەوەش، مەرجێکی دیکە لەناو گروپی نەتەوەییدا، پێشگریمانەی ئامادەبوونی وێنایەکی خۆبونیاتنەرە لە بوونی نەتەوەیی خۆی.

---

بەردەوامی دەستەواژەی جیاواز لە سەرچاوە ماف تەوەرە پەیوەندیدارەکاندا پشتگیری دەکرێت کاتێک کە بڕیارە ئاماژە بە گەلان یان دەوڵەتەکان بکرێت. لە لایەکی دیکەوە، سەروەری دەوڵەتەکان کە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیان قەدەغە دەکات، لە ئێستاوە لە نۆرمگەلی جۆراوجۆری دیکەدا لەنگەری گرتووە(کە جێگەی پێداچوونەوەیە)”(Dietrich, 2010: 67) .

[14] بە بڕوای ستیلز، بەرژەوەندییەک لە چارەنووسی بەکۆمەڵدا دەتوانرێت بە سێ مەرج دیاری بکرێت: „یەکەم، مرۆڤەکان دەبێت پەیوەندیی هاوکارییە سیاسییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوبەش بکەن، بۆ نموونە لە ڕێگەی یەکەیەکی ژێردەوڵەتی کە پێشتر هەبووە یان لە ڕێگەی بزووتنەوەی جیابوونەوەخوازانەی ڕێکخراوەوە. دووهەم: بەشداربووان دەبێ بە شێوەیەکی لۆژیکی بەها بەم پەیوەندییە هاوبەشانە بدەن، چونکە وەک بنەمایەک بۆ ئەو دامەزراوانە دەبن کە لە ڕێگەیانەوە مافە سەرەتاییەکانیان گەرەنتی دەکرێن. سێیەم: لە ڕاستیدا دەبێ بتوانن لە ژێر بارودۆخی ئازادانەی گونجاودا ئەم پەیوەندییە سیاسییانە لە نێوانیاندا بەردەوام بێت.“ (ستیلز ٢٠١٥:١٩)

لە لایەکی دیکەوە دەزانین کە جاڕنامەی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی گەلان لە بریارنامە جۆراوجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مافی چارەی خۆنووسین زۆرتر لە چوارچێوەی دیکۆلۆنیالیزە بووندا پێناسە دەکات و ئەمەش ئەم ڕەخنانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە: وەک پێشتر بە کورتی باسکرا، پێناسەیەکی ڕوون و بنەڕەتی بۆ جیاوازی نێوان چەمک یان تێگەی گەل و نەتەوە لە جاڕنامەی مافی نەتەوەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بوونی نیە. جگە لەوەش هەندێک پێوەرە سنووردارەکانی وەک ئاپارتاید، ڕەگەزپەرستی، گۆشەگیری سیاسی و هەڵاواردنی ئابووری بۆ پێناسەکردنی کۆلۆنیالیزم[15] خروانەتە بەردەست کە زەروورن بەڵام بەس نین. پێوەرەکانی دیکەی وەک جۆرەکانی تری ستەمگەری و چەوساندنەوەی سیاسی کەمینە نەتەوەییەکان لەسەر خاکێکی دیاریکراو لەم بابەتەدا لەبەرچاو نەگیراون. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سەردەمی پاش کۆلۆنیالیزم و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، زۆرێک لە ڕووداوەکانی جیابوونەوە وەک سلۆڤینیا و کرواتیا لە ساڵی ١٩٩١، ئێریتریا لە ساڵی ١٩٩٣، تیمۆری ڕۆژهەڵات لە ساڵی ٢٠٠٢، باشووری سودان لە ساڵی ٢٠٠٥ ، و کۆسۆڤۆ لە ساڵی ٢٠٠٨ کە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، سەرکەوتوو بوون و لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیان پێدانرا و وەرگیران.[16]

ئەم ئارگۆمێنت هێنانەوە نۆرماتیڤەی رەهەندی دەرەکی/بنیاتنەرانەی مافی چارەی خۆنووسین کە لە لایەکەوە لەسەر بنەمای ژێردەستە نەبوون و لە لایەکی دیکەوە لەسەربنەچەی ئازادیی بەکۆمەڵ دامەزراوە، بە مافی بەرهەڵستبوونی کارتێکەر بۆ پێداچوونەوەی رەخنەگرانە لەهەمبەر بەو دەستوورانەی کە هەن تەکمیل دەکرێت. پێویستە جەخت لەسەر پرسە پێوەندیدارەکانی ژێردەستە نەبوون لە ڕێگەی پرۆسەی دێمۆکراتیکی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ بکرێتەوە. لە ڕوانگەی فەلسەفەی مافەوە، ئەمە دەبێتە هۆی بنچینەی تیۆری ئەم مشتومڕە و بەڵگەمەند کردنی زیاتری مافی جیابوونەوە لە بەشەکانی دواتردا.

### 3. جیابوونەوە و دەستوورگەرایی دێموکراتیک

مافی دەستووری و مافی نەتەوەکان هەردووکیان بنەمای هەبوونی سەروەری دەوڵەتن، کە تێیاندا سەروەری نەتەوە ڕۆڵێکی پێکهێنەرانە لە بونیاتنان و شەرعیەتی دەوڵەتێکدا دەگێرێت و ئەمەش لە ڕێگەی بەشداری سیاسی ڕاستەوخۆی هەموو بەشەکانی دانیشتووانیەوە ڕوودەدات. بەم مانایە، سەروەری جەماوەر، سەروەری یاسا، پاراستن و ئازادییە مەدەنییەکان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پابەندبوون بە ئاشتی و هاوکاری، پێوەرەکانی دێموکراسی مۆدێرنن. (دیتریش، ٢٠١٠). بەپێی ئەم ناوەڕۆکە نۆرماتیڤەی چەمکی دەستوور، دەستوور بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتی پێکهێنەرانەی خەڵکەوە. گۆڕینی ئەم دەسەڵاتە پێکهێنەرە بۆ مافی نەتەوەکان لەم سەردەمەدا بە واتای بەرنامەیەکی نۆرماتیڤی

[15] بڕیارنامەی ٢٥٤٨ XXIV لە ساڵی ١٩٦٩ کە باس لە جێبەجێکردنی بڕیاری دامالّینی کۆلۆنیالیزم دەکات، بۆ نموونە دەڵێت: ب.: "(...) بەردەوامبوونی کۆلۆنیالیزم و دەرکەوتەکانی، لەوانەش ڕەگەزپەرستی، ئاپارتاید و چالاکییەکانی تایبەت بە بەرژەوەندییە ئابووری و بەرژەوەندییە بیانییەکان کە گەلانی کۆلۆنیالیست دەیقۆزنەوە و هەوڵەکانی هەندێک لە زلهێزە کۆلۆنیالیستەکان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەییەکان بە سەرکوتگەرییان دژ بە گەلانی کۆلۆنیزەکراو، لەگەڵ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و بەیاننامەی پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی کۆلۆنی کراو ناگونجێت(...)" (هەروەها سەیری بڕگەی XXV 2708 و بڕگەی XXVI 2878 بکە). هەروەها سەیری Res. 1514، UN 1960 بکە ( https://undocs.org/A/Res/1514(XV)).

[16] پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە گەر شەڕە ناوخۆییە خوێناوییە درێژخایەنەکان و ململانێی نەتەوەیی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتانەدا لەبەرچاو بگیردرێن، گرینگی هەرچی زۆرتری جەختکردنەوە لەسەر دانان بە میکانیزمێکی دێمۆکراتیکی ئاشتیخوازانە بۆ چەسپاندنی مافی جیابوونەوە، واتە تا دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی سەربەخۆی نەتەوەیی لە بەرامبەر هەموو جۆرەکانی ستەمگەری و چەوساندنەوەدا هەرچی زۆرتر دەردەکەوێت.

دیموکراتیزەکردنی بنەڕەتیتر لە ڕوانگەی جیاوازەوە دێت. (بۆسن ٢٠٠٩، پاتبێرگ ٢٠١٨، بەشی یەکەم، پیتێرز ٢٠٠٥، ٢٠١٥a) لە ڕوانگەی کۆمارییخوازی لە فەلسەفەی سیاسیدا، مافی کێبڕکێی کاریگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتە دەستوورییە دێمۆکراتیکەکاندا داڕێژراوە، کە تێیدا داواکاری جیابوونەوە لەسەر بنەمای دەستوورگەرایی دێمۆکراتیک دەبێ وەک پرسێکی نۆرماتیڤ سەیر بکرێت. لە ئەنجامدا نەتەوەی بونیاتنەر لەو بەناو نەتەوەی کە لە دەستووری فەرمی دەوڵەتاندا پێناسەکراون جیاواز و سەربەستن. (ئۆڵدنبۆرگ، ٢٠١٩)

مافی پێداچوونەوەی کارتێکەر لەسەر دەستووره هەبووەکان لە ئاراستەی گۆڕانکاری تێیاندا، ڕێوشوێنێک پێشکەش بە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان بۆ داڕشتنەوەی مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوە بۆ گروپە نەتەوەییەکان یان ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە ڕوی دێمۆگرافییەوە دانیشتووانی چڕبووەوەی  هەرێمێکی دیاریکراون، دەستەبەر دەکات. ئەمەش بەتایبەت کاتێک کە ستەمگەری بەرفراوان و پێشێلکاری بێسنووری مافی مرۆڤ لە دژی گروپێکی نەتەوەیی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە ئەنجام بدرێت، زەروورەتەکەی لە هەمیشە زیاتر دێتە ئاراوە. هەروەتر جێی ئاماژەیە کە، "مافی پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی کاریگەر وەک ڕێگەیەکی دێمۆکراتیک بۆ بەسەرنجامگەیاندنی خەبات لەم پێناوەدا لەسەر چارەنووسی سیاسی و مافتەوەرانەی بەکۆمەڵ وەستاوە. بەم شێوەیە دەتوانرێت شەرعیەتی دەوڵەتێکی تازە دامەزراو گەرەنتی بکرێت". (ئۆڵدنبۆرگ، ٢٠١٩:٣٣٧)

بەو پێیەی مافی پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی کاریگەر لەسەر بنەمای ژێردەستە نەبوون داڕێژراوە، وەک بەرپەرچدانەوەیەک لە دژی زاڵبوونی پێکهاتەیی پێناسە دەکرێت. دیارە باڵادەستی پێکهاتەیی ئاماژەیە بۆ هەموو پێگەی باڵادەستی ئەکتەرەکان لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیشدا.

دیارە لەم ڕوانگە دێموکراتیکە بونیاتنەرانە، دەوڵەت بەردەوام لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی دانیشتووانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، کە تیایدا گەر گرووپێکی نەتەوەیی کە بە هۆکاری جۆراوجۆر (زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەشی چەوساندنەوە لە هەرێمێکی دیاریکراو) خۆی وەک نەتەوەیەک دەبینێت کە بڕیارە سیاسییەکانی زۆرینە دژی ماف و داخوازییەکانی ئەون. لەم حاڵەتەدا ئەم مافانە لە ڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆری دێمۆکراتیکی وەک بزووتنەوە سیاسییەکان، بانگەشەی هەڵبژاردن، دانوستان و خواستی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە دێتە ئاراوە و هەڵ دەدرێت هەنگاو بە هەنگاو بچەسپێندرێت و بخرێنە بواری جێبەجێ کردنەوەوە. واتە بەم مانایە، مافی چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵ وەک ئازادییەکی بەکۆمەڵی سیاسی، زەروورە کە لە دەستوورێکی مافتەوەرانەی دێمۆکراتیکی لەو جۆرەدا لەنگەر بگرێت و لەژێر هەندێک مەرجدا کە لە سەرەوە باسمان کرد، ڕێگە بۆ جیابوونەوەی دوولایەنە هەموار بکات.[17] ئەوەی کە ئەگەری ملدانی کردەیی ئاشتیخوازانەی زۆرینەیەکی ملهوڕ چەندەیە بۆ بەفەرمی ناسینی خواستگەلێکی بنەڕەتی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، دیارە ئاستێکی دیکەیە لە باسەکە و مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوە نیە.

---

[17] لە درێژەی ئەم باسە لەسەر جیابوونەوەو سەربەخۆییخوازی وناڕەزایەتی و مشتومڕسەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین، لە بەرامبەردا پێکهاتە ژێردەوڵەتییەکان لە سیستەمی فیدراڵیدا (بەتایبەت جۆرە فرەنەتەوەییەکانی) دەهێنرێنە پێشەوە، کە دواجار ڕێگە نادەن مافی جیابوونەوە بۆ گروپە نەتەوەییەکان بەفەرمی بناسرێن. لە بەشەکانی داهاتوودا باسی ئەم بابەتە دەهێنرێتە ئاراوە.

## 4. مافی خاوەنداری لە خاک و کێشەی دیاریکردنی سنوورەکان و جیابوونەوە

مافی خاوەنداری لە خاک، کە پێدەچێت دیاریکردنی نوێی سنوورەکان، یەکێک بێت لە خاڵە هەرە کێشەلەسەرەکانی، لە ناوەندی مشتومڕی جیابوونەوە یان سەربەخۆییخوازیدایە. هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەڕاستی نەتەوە لە ڕووی خاکەوە لەسەر بنەمای مافی نەتەوەکان پێناسە دەکرێن (Dworkin and Celikates 2012, 642–46; Kymlicka 2006; Meisels 2009; Miller 2012). بەو پێیەی بنەما لیبراڵییەکان بەهۆی گرنگیدانیان بە مافە گشتگیر و تاکەکەسییەکان ناتوانن بە ڕوونی چەمکی نەتەوە ئەو جۆرەی پێویستە پێناسە بکەن، پێدەچێت کێشە سنوورییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەست بن بە مافی خاک کە لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵ دامەزراوە. لە ڕێگەی باسێکی ڕەخنەگرانە و ئارگیومێنتاتیڤەوە، ئۆڵدنبۆرگ (2019) هەوڵدەدات بەدواداچوون بۆ ڕێبازەکانی وەک مافی نیشتەجێ بوونی تاکەکەسی (لۆک، هۆفمان، و سیپ 2007)، بنەمای نزیکیی (کانت 2012)، کۆمەڵی نەتەوەیی (میلەر 2012) و هاریکاری دەوڵەت (بوکانان 2003) بکات – و لەم ڕێگەیەوە ڕوانگەی ڕەوایەتیدان بە مافی خاک بۆ نەتەوەی ژێردەست دابڕێژێتەوە. مافی خاوەنداری سامانە سروشتییەکان و مافی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان لە ژێر کاتاگۆری مافی خاکدا پۆلێن دەکرێن. ئارگومێنتەکە دیسانەوە لەسەر بنەمای ئازادی بە واتای ژێردەستە نەبوون وەک بنەمایەکی بنەڕەتی کۆماریخوازی فەلسەفی دامەزراوە. جگە لەوەش ئەم ئەڵتەرناتیڤە بە جەختکردنەوە لەسەر ئەرکی سیاسی دەوڵەتان لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیاندا داڕێژراوە.

هەروەتر ئاماژەکردن بە بڕگەی دووەمی مادەی یەکەمی دوو پەیماننامەی مافی مرۆڤیش پێویستە: "هەموو گەلان دەتوانن بە ئازادی ئامرازو سەرچاوە سروشتییەکان بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بەبێ ئەوەی زیان بە هەموو ئەو پابەندبوونانە بگەیەنن کە لە هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتییەوە لەسەر بنەمای خۆشگوزەرانی یەکتر کە لە جاڕنامەی مافی گەلان هەڵێنجراون. لە هیچ حاڵەتێکدا گەلێک نابێت لە ئامرازەکانی بژێوی ژیانی خۆی بێبەش بکرێت".( IPCPR (1966: Art.1.2; IPWSKR 1966: Art.1.2

ئەم بنەما حقوقیە بەفەرمی ناسراونە، دیارە ئاماژەن بۆ پەیوەندییەکی دژبە ژێردەستەیی نەتەوەکان کە تێیدا نەتەوەیەک ڕێگەی پێدەدرێت لە بەرامبەر هەموو جۆرە سوڵتەیەکی وەک داگیرکاری، هەڵاواردنی ئابووری، چەوساندنەوەی سیاسی و هتد، بەرگری لە خۆی بکات. ئەمەش دەتوانێت لە ڕێگەی "دەسەڵاتی دادوەرییەوە" بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە پێوەندی ڕاستوخۆی بە باس لە مافی چارەی خۆنووسینی بونیاتنەرانەی دەرەکی هەیە کە لە ژێر هەندێک هەلومەرجدا دەتوانرێت کۆنترۆڵی سنوور بۆ نەتەوەیەک لە خاکێکی دیاریکراودا لە بەرامبەر دەستدرێژکارانی دەرەکیدا ڕەوایی پێ بدات.

ئەم ئارگۆمێنتانە بۆ مافی خاوەنداری لە خاک لە ڕووی پێناسەکردنەوەی سنوورەکانەوە، ئاماژەیە بۆ سنوورە مێژووییە ڕەواکان بە داننان بە نادادپەروەرییە بەردەوامەکان و زاڵبوونی پێکهاتەیی دژ بە کەمە نەتەوەییەکان. لە ڕوانگەی کۆماریخوازییەوە، مافی خاک هەم بۆ تاک و هەم بۆ گرووپ بوونی هەیە، بەو پێیەش ناکرێ کەس لە زێد و نیشتمانەکەی دەربکرێت. جگە لەوەش، مافی بەکۆمەڵی خاوەنداری لە خاک لە شێوەی مافەکانی دەسەڵاتی دادوەری کەسایەتی حقوقی دێتە ئاراوە و ئەمەش لە بنەڕەتدا بەندە بە خواستی چارەنووسی سیاسی بەکۆمەڵەوە. بەم مانایە

گەرەنتی دێمۆکراتیکی مافی مرۆڤ، دەربڕینی وەدیهاتنی چارەنووسی بەکۆمەڵە لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا. بەم پێیە، ئەکتەرێکی حقووقی پێویستە کە مافەکانی مرۆڤ کە بە شێوەیەکی دێمۆکراتیک داڕێژراون - بە لەبەرچاوگرتنی خواستی مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی-بنیاتنەرانە - لە بوارێکی دیاریکراودا جێبەجێ بکات. جگە لەوەش، چارەی خۆنووسینی دەرەکی-بنایتنەر بۆ دانیشتوانی چڕبووەوەی سەرزەمینێکی دیاریکراو یان بۆ گەلی پێکهێنەر، لە هەموو حاڵەتە جیاوازەکاندا، بەستراوەتەوە بە میکانیزمی ڕیفراندۆمەوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆیان لەسەر سەرزەمینی ناسراویان.

## 5. جیابوونەوە و فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی

لە تیۆری کۆماریخوازیدا، مافی خاوەنداری لە خاک بەستراوەتەوە بە سنوورەکانی دەوڵەت کە لە ڕووی مێژووییەوە گەشەیان کردووە. ئەگەر داواکارییەک بۆ پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە بە سنوورەکان سەرکەوتوو نەبێت و یاسایەکی سەرەتاییش لەم بارەوە بوونی نەبێت، ئەوا تیۆری کۆماریخوازی پێداگری لەسەر بنەمای دۆخی ئێستا Status quo دەکات کە تێیدا مافەکانی کەمە نەتەوەییەکان مسۆگەر دەکرێن. لەم دۆخەدا دەتوانرێت داواکاری جیابوونەوە بەپێی ئەم پێوەرانە هەڵبسەنگێندرێت:

1- لە هەموو جۆرەکانی سیستەمی فیدراڵیدا، فیدراسیۆنی فرەنەتەوەیی پەیوەندیدارە بەو وڵاتانەی کە کەمینە نەتەوەییەکان زۆرن وەک دانیشتوانی چڕبووەوەی هەرێمگەلی دیاریکراو. لەم جۆرە پێکهاتە سیاسییە دامەزراوانەدا کەمینە نەتەوەییەکان خۆبەڕێوەبەرییەکیان هەیە کە تێیدا پلەی کۆنترۆڵکردنی حکومەتی ناوەندی لاوازە. ڕادەی کۆنترۆڵکردن لەم جۆرە حاڵەتانەدا لەوەدایە کە مافی چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵ لە شێوەی ڕیفراندۆمی جیابوونەوەدا بەزۆری لە ڕووی دەستوورییەوە ڕەت دەکرێتەوە. کەتەلۆنیا نموونەیەکی ئێستای ئەمەیە. کێبێک سەرەڕای ویستی چارەی خۆنووسینی ناهاوسەنگ، نموونەیەکی دیکەی پەیوەندیدارە.

2. هاوکات لە فیدراسیۆنە فرەنەتەوەییەکاندا، بەشە چڕبووەکەی دانیشتووانی خاکێک، وەک بەشێک لە دەسەڵاتێکی ژێر دەوڵەتی بە یەکدەستی حوکم دەکرێن. ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕادەی کۆنترۆڵکردنی سیاسی لەسەر ئاستی خاک و نیشتمانی بەهێزە. واتە وابێژی هاوبەش بۆ خاک لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی نابێتە هۆی بەفەرمی ناسینی مافی سەرەتایی دەستبەجێ بۆ جیابوونەوەی کەمە نەتەوەییەکە.

3- مافی دەسەڵاتی دادوەری لە فیدراسیۆنی فرەنەتەوەیی لە نێوان هەردوو ئاستی سیاسیدا هاوبەشە، واتە لە نێوان دەسەڵاتە هەرێمییەکان و دەوڵەتی ناوەندیدا. بە مانای دەستوورێکی تێکەڵاو، هەردوولا داوای مافی خاک دەکەن. لە ڕووی نۆرماتیڤەوە ڕەوایە کە لە فیدراسیۆنێکی فرەنەتەوەیی، لە ڕوانگەی دەسەڵاتی دادوەرییەوە، زاڵنەبوونی بنەڕەتی گەرەنتی بکرێت. هەرچەندە مافی جیابوونەوە لەم چوارچێوەیەدا ڕەنگە ڕەوا بێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە **نییە** کە جیابوونەوەیەکی تاکلایەنە بەو ئاسانییە لە ڕێگەی بڕیارێکی تاکلایەنە و بەبێ سازان و پێکهاتنێکی روون ڕێگەپێدراوە.

4- زۆرجار جەخت لەسەر سوودەکانی فیدراسیۆن لە جیابوونەوە دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە: دەسەڵاتە هەرێمییەکان دەتوانن باشتر پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا ڕێکبخەن. بە پێی ئەو

ڕوانگەیە دابەشکردنی دەسەڵات و دەسەڵاتی بەرپەرچدانەوەی هەبوو بۆ هەموو گروپەکان دەتوانرێت گوایە بەهێزتر و باشتر لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا دامەزراوەیی بکرێت. هەروەهاجەخت لەوە دەکرێتەوە کە چارەنووسی بەکۆمەڵ بۆ هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی فیدراسیۆنێکی فرەنەتەوەیی گەرەنتی بکرێت نەک جیابوونەوە. لەبەر ئەوەی فیدراسیۆنە هەنووکەییەکان دەربڕینی باڵادەستی پێکهاتەیی دۆخی ئێستان، دەبێت جێگەی کێبڕکێ بن.

## 6. پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خواستی جیابوونەوە یان سەربەخۆیی

بێ گومان نەتەوەی کورد سەرەڕای دابەشبوونی کۆلۆنیالیستی و داگیرکەرانە لە نێوان چوار وڵاتدا، هێشتا گەورەترین گرووپێکی نەتەوەییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە وەک دانیشتووانی چڕبووەوەی خاک و نیشتیمانی خۆیان، زۆرێک لە پێوەرەکانی ناونانی نەتەوەی تێدایە. واتە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن لە ناوچەکەدا. کورد بۆ چەندین سەدە لە مێژووی کۆنی خۆیدا، لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتە جۆراوجۆرەکانیدا، خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی خۆی هەبووە. دیارە کورد لە ماوەی مێژووی خوێناوی خۆیاندا نیشتمانەکەی وەک کۆلۆنییەکی داگیرکراو لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە ئەوان و دانیشتووانەکانیان هاووڵاتی پلە دووین، مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ڕیشەی ڕاستەقینەی مێژووی خوێناوی کورد و ململانێی ئێستای لە سەردەمی شەڕی چالدێراندا لە ساڵی ١٥١٤ وە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەوکاتە - سەر بە لقی سوننەی ئیسلام - و ئیمپراتۆریەتی سەفەوی شیعە (ئێستەی ئێران) ڕۆچووەتەخوار. کوردستان قوربانی سەرەکی ئەم شەڕە بوو کە لە کۆتاییدا خاکی کورد لە ساڵی ١٦٣٩ لەنێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەدا دابەش کرا. لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی دا و لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کۆلۆنیالیستە زلهێزەکان وەک براوەی شەڕەکە - بەریتانیا و فەرەنسا- وڵاتانی نوێی عێراق و تورکیایان دامەزراند. ئەم بڕیارە کارەساتبارە لە ڕووی مێژووییەوە لە ڕێگەی هاتنە ئارای ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لە ١٩ی مای ١٩١٦ درا، کە تیایدا کورد جارێکی دیکە بەبێ ڕەچاوکردنی مافەکانی خۆی بەسەر وڵاتە نوێیەکاندا دابەشکرا. هەرچەند کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لە پەیمانی سیڤەردا لە ١٠ی ئاگوستی ١٩٢٠ بە شێوەیەک دانی پێدانرا (بڕوانە پاشکۆ.١)، بەڵام خاڵەکانی ئەم پەیماننامەیە هەرگیز بە شێوەی ڕاستەقینەی خۆی جێبەجێ نەکرا. دواتر پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا بووە هۆی ئەوەی کە ئیدیعای کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ یان جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری ناوچەیی لە چوارچێوەی ئەم خاکە نوێیانەدا بە تەواوی لەلایەن داگیرکەران و زلهێزە جیهانییەکانەوە پشتگوێ بخرێت.

لەو کاتەوە تا ئێستا، دەرکردن، پاکتاوکردنی نەتەوەیی، جینۆساید، ئاسمیلەکردن و هەڵاواردنی سیستماتیک توندترین سیاسەت بەرامبەر بە گەلی کورد لەو وڵاتانەی سەرەوەدا بوون. دیارە لە ساڵی ١٩٩١ەوە کورد دوای شەڕی کوێت و شۆڕشەکەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراوە، ئۆتۆنۆمی ناوچەیی خۆی لە باکووری عێراق و باشووری کوردستان دامەزراندووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕدرا بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی لە عێراق. هەروەتر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢دا ئۆتۆنۆمی یان خۆسەرییەکی دیمۆکرتیکیان دامەزراند کە ئەویش کانتۆنەکانی ڕۆژئاڤایە، کە تا ئێستا پاش گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی سوریەش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە فەرمی نەناسراوە.

داواکاری کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی بەکۆمەڵی خۆی و مافی جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەبەخۆیی لەسەر بنەمای ئەوە بنەما مەعریفییانەی تا ئێستە تاووتوێ کرا بە تەواوی ڕەوایە، چونکە مەرجەکانی ئەو ڕێبازە کۆمارییەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، جێبەجێ دەکات:

- کورد ئاگایە بەوەی کە خۆی وەک نەتەوەیەکی دیاریکراو دەبینێت کە بە زۆری و بە چڕی لەسەر نیشتیمان و خاکی دیاری خۆیان دەژین کە زمانی هاوبەش، مێژوو و لێکچوونە کولتوورییەکانیان یەکجار زۆرە. بۆ نموونە ئاهەنگە نەتەوەییە هاوبەشەکان. هاوکات سەرەڕای دابەشبوونیان بەسەر دەوڵەتە جیاوازەکاندا، خۆوشیاری بابەتیی سەربەخۆخوازی بە بەرینی ڕوو لە گەشەیە.

- سەرەڕای سیاسەتی ئاسمیلەکردن (بەعەرەبکردن، تورککردن و فارسکردن و بە تایبەتی سەرەڕای پاکتاوی نەتەوەیی لە سوریا و تورکیا و عێراق، هێشتا گەلێکی چڕبووەوەی هەرێمێکی دیاریکراون کە دەتوانن داوای مافی خاوەنداری لە خاکی خۆیان بکەن.

- لانی کەم لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووهەمەوە، کورد زۆرترین زیانی (بەبەراورد بە فارس و عەرەب و تورک لە وڵاتەکانیان) بە دەست هەڵاواردنی سیستماتیک و چەوساندنەوەی ئابووری و ستەمگەری سیاسی لە لایەن دەوڵەتانی ناوەندییەوە کە حوکم دەکرێن، بەرکەوتوون.

- دەبێت هەموو ئۆپەراسیۆنە سەلمێنراوەکانی جینۆساید دژ بە کورد وەک پێشێلکارییەکی جیددی مافی مرۆڤ لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی سکاڵایان لەسەر تۆمار بکرێت. لەم ڕێکارانەدا لێکچوونێکی ئەم دواییە لە کەیسی کۆسۆڤۆ لە ١٧ی شوباتی ٢٠٠٨دا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە هەردووک ڕەهەندە پێکهێنەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ دەکرێت مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد بەفەرمی بناسێت. لە لەباشترین حاڵەتدا دەتوانێت جیابوونەوە بە ڕێکەوتنی دوولایەنە لە ڕێگەی چاودێری و دانپێدانانی دەوڵەتە زلهێزەکان بێت. دیارە سەرەنجام ئەوە هاوسەنگی هێزە کە دەتوانێت بە کردەوە کە ئەم ڕەوایەتییە بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

- لەم ڕوانگەیەوە، هەڵوەشاندنەوەی ستەم و هەڵاواردنی سیاسی سیستماتیک و هەموو جۆرە ستەمکارییەک لە دژی کورد، لە سەربنەمای بنەڕەتی ئەخلاقی و ماف تەوەرانە، واتە ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون تا جیابوونەوە و دامەزراندنی دەسەڵاتی سەربەخۆ ڕەوایە. بانگەشەی ئازادیی بەکۆمەڵ بە مانای یەکێک لە بنەماکانی دادپەروەری، تەواوکەری بنەمای بڕیارێکی بەکۆمەڵ لە لایەن کوردەوەیە لە ڕێگەی بەشداریکردن لە ڕیفراندۆمێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.

- بەم تەفسیرە فەلسەفییەوەیە کە بە پێی مادەی یەکەمی هەردوو پەیماننامەی مافی مرۆڤی ICCPR و IPWSKR وا لە ساڵی 1966 لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا و لە سەرەتای ساڵی 1976 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، مافی چارەی خۆنووسینی بەکۆمەڵ بۆ گەلی کورد ڕەوایە، کە لە بەشەکانی پێشوودا بە وردی لەگەڵ بڕیارنامەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان باسەکەی هێنرایە ئاراوە.

- پاساوی جیابوونەوە و چارەنووسی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد، داواکارییەکی یەکجارەکی نییە کە ئەگەر لە قۆناغێکدا سەرنەکەوت، ئەوە کۆتایی پێ بێت، بەڵکو مافێکی هەمیشەیی دانپێدانانە بە مافی بڕیاردانی ئازادانەی بە کۆمەڵ لە هەمبەر چارەنووسی سیاسی خۆی وەک نەتەوەیەکی سەربەست. بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا سیستەمە سیاسییە

باڵادەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نەتەوەی کورد تێیدا دابەش بووە، نیمچە دێموکراسی یان دیکتاتۆرییە، مافی جیابوونەوە و چارەنووسی بەکۆمەڵ بۆ کورد خاوەن شەرعییەت و ڕەواییە. لەبەرئەوەی کارەساتە جۆراوجۆرەکانی سەد ساڵی ڕابردوو ئەوە دەردەخات کە توانای سەرکوتکردنی توندوتیژ و خوێناوی چوار دەوڵەتی ئاماژەپێکراو یان داگیرکەرانی کوردستان لەدژی ئەو جۆرە مافە ڕەوایانەی کورد زۆر بەرزە، پێویستە کورد هاوکات گرنگی بە ئاشتیخوازیی و ناسینی وردی دۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بدات. میکانیزمەکان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی ستراتیژی کاریگەرتر بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان دەتوانێت بەردەوام پێداچوونەوەو داهێنانی تێدا بکرێت. دیارە ڕێکخستنی هێزی مەیدانی جەماوەری و سەربازی دەتوانێت بنەمای سەرەکی بێت. هاوکات پێش ئەوەی بە بێ پلانێکی تۆکمە ئاراستەکە بەرەو ڕیفراندۆم پاڵ بنرێت (وەک لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان)، پێویستە دۆسیەکەیان بخەنە بەردەم دادگای نێودەوڵەتیی داد و سەرجەم دامەزراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان و تا دەتوانن پرسەکە ڕوون بکرێتەوە و پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ کۆ بکرێتەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە تێچووی گۆڕانکارییەکی وا چارەنووسساز واتە جیابوونەوە، دەبێت زۆر بە وردی وەک پرۆژەیەکی فیکری فەلسەفی حقووقی و سیاسی جیددی لەبەرچاو بگیرێت. لە ئەنجامدا کۆمەڵگەی جیهانی دەبێت خۆی لە بەرانبەر ئەمری واقیعێکی نوێ ببینێتەوە کە بەرهەمی پراکسیسی خۆوشیارانەی بزووتنەوەی کورد و هاوسەنگی نوێی هێزی مەیدانی و سەربازی پێداگر لە سەر بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسی خۆی بێت.

سەبارەت بە ئەزموونە سیاسییەکانی هەتا ئێستەش، ڕوونە کە پارتە کوردییەکان بۆ ساڵانێکە زۆرتر قەناعەتیان بە بەشداری لە سیستەمێکی فیدراڵی یان حوکمی زاتی بۆ چارەسەری پرسی کورد هەیەو ئەمەش گرفتێکی بەردەم ئەم پێرسپێکتیڤە لە رزگاری نەتەوەییە کە پێویستی بە هاوگوتاری و یەکێتیەکی تۆکمەی نەتەوەیی هەیە. دیارە لە پرۆگرامی ئەم پارتانەدا ڕوون نیە کە گەرەنتی دامەزراندن و مانەوەی وەها ژێردەستەییەکی سیاسی چیە کە هەر دەم ئیمکانی هەڵوەشاندنەوەی لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە هەیە. دیارە بۆ نموونە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باندەست بەتایبەتی لە ئێران و تورکیا و سوریا، تەنانەت لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی بەناو دێموکراسیخوازیشدا بە ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی سەرزەمینی، تەنانەت مافی فێربوونی زمانی دایکی کوردیش ڕەتدەکەنەوە. ئەمەش پێرسپێکتیڤی پڕ لە دژوازی داواکاری فێدرالیزم وەک بەناو چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد دەباتە ژێر پرسیار.

### 7. ئەنجام

لێکدانەوە نوێیەکانی تیۆری کۆماریخوازی یان لێکدانەوەکانی پاش کۆلۆنیالیزم سەبارەت بە جیابوونەوە و چارەنووسی بەکۆمەڵ، مشتومڕێک لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسیدا دەکاتەوە کە تێیدا پەرەپێدان یان زیادکردنی ئەم چەمکانە (جیابوونەوە و چارەنووسی بەکۆمەڵ) لە جاڕنامەی مافی نەتەوە کاندا پێویستە. ئەمەش بەو مانایەیە کە پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئاستی تاکەکەسی دەبێت بە بەراورد لەگەڵ مافی نەتەوەکان لەبەرچاو بگیردرێت. ئەم پێویستییە ئەوە دەردەخات کە مشتومڕی جیابوونەوە چەندە ئاڵۆزە. ئەم مشتومڕە ئارگیومێنتاتیڤە گرنگترین توخمە ئەرێنییەکانی ئارگومێنتی لیبراڵیش لەبەرچاو دەگرێت و بە بەکارهێنانی فەلسەفەی ئەخلاقی و پرەنسیپەکانی دادپەروەری، ئازادی بە واتای ژێردەستە نەبوون پەرە پێدەدات. پێویستی دانان بە مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ بۆ هەموو نەتەوەکان و پێداچوونەوەی بنەڕەتی و ڕەخنەگرانەی کارتێکەر بە یاسا بنەڕەتییە هەنووکەییەکان، ئارگیومێنتێکی پێویستن. ئەم

روانگە بنیاتنەرە بنچینەییانەی مشتومڕەکە دەبنە هۆی بردنە ژێر پرسیاری هەموو فۆڕمەکانی هەژموونی پێکهاتەیی و چەوساندنەوەی سیاسی و هەلومەرجی پڕ هەڵاواردنێک کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان تێیدا دەتوانن مەودای یاسایی بۆ چەوساندنەوەی توندوتیژانە و پشتگوێخستنی سیستماتیکی بەرامبەر نەتەوە بەزۆر بە کەمینەکراوەکانی وەک کورد بەکار بهێنن.

مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی و دەرەکی، دوو ڕەهەندی بەیەکەوە گرێدراون کە ناتوانرێت بە ئاسانی لە یەکتر جیابکرێنەوە. بەم مانایە، هەم مافی خۆبەڕێوەبەری لە نێوان یەکەیەکی ژێر دەوڵەتیدا لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵی و هەم مافی جیابوونەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی نوێ دەتوانرێت لە ژێر ئەو هەلو مەرجەی کە تاووتوێ کرا ڕەوا ببینرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، پێویستی پێناسەیەکی ڕوونتر بۆ مرۆڤ و نەتەوە و بۆ ئاشکراکردنی مەرجە شاراوەکانی داگیرکاریی نوێی شاراوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا و لە نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ئاراوە . لە دۆسیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیاسەتی داگیرکاری نەک هەر هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر پاکتاوکردنی نەتەوەیی کورد، بەڵکو ستەمگەرییەکی سیستماتیکی سیاسی و ئابووری کارەساتباری لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی ناوەندییەوە نیشان دەدات. ئەم پێشێلکارییە جیددی و بەرفراوانانەی مافی مرۆڤ لە دژی نەتەوەی کورد تەنیا لە ڕێگەی دانانان بە مافی چارەنووسی بەکۆمەڵیانەوە، لەوانە جیابوونەوە ودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، دیارە ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیکانە چارەسەر بکرێت، ئیدەئالترە. (ئەگەرچی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە فاناتیزمی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی داگیرکەر ئەم شێوازە گەلێک قورس دێتە بەرچاو).

ئاشکرایە ئەگەر وەها ئیرادەیەکی ئازاد و وشیار لەسەر بنەما ئازادی وەک ژێردەستە نەبوون و بردنە ژێرپرسیار هەموو فۆڕمەکانی ستەمگەری بێتە ئاراوە، ئەوە دەتوانرێت مافەکانی نەتەوە بێ دەوڵەتە ستەملێکراوەکان هەر لە ڕێگەی ئەو میکانیزمانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێناسە کراون بە فەرمی بناسرێن. وەها بەفەرمی ناسینێک دەتوانێت بەشێکی بەرچاو لە دیکتاتۆرییەکانی هاوچەرخ بەرەو هەڵتەکان پاڵ بنێت. جیهانێکی دادپەروەرتر، پێویستی بەو جۆرە دانپێدانانە هەیە.

**سەرچاوەکان:**

# Literaturverzeichnis


Arendt, Hannah. 2001. Elemente und Ursprünge totaler Herrschaft: Antisemitismus, Imperialismus, Totalitarismus, 8. Aufl. München.

———. 2017. Elemente und Ursprünge totaler Herrschaft: Antisemitismus, Imperialismus, totale Herrschaft. Ungekürzte Taschenbuchausgabe, 20. Auflage. München Berlin Zürich: Piper.

Beşikçi, İsmail. 1991. Kurdistan: internationale Kolonie. 1. Aufl. Frankfurt am Main: ISP-Verl.

Buchanan, Allen. 1997. „Theories of Secession“. Philosophy and Public Affairs 26(1): 31–61.

———. 2003. „The Making and Unmaking of Boundaries: What Liberalism Has to Say“. In States, Nations and Borders, hrsg. Allen Buchanan und Margaret Moore. Cambridge University Press, 231–61. https://www.cambridge.org/core/product/identifier/CBO9780511613937A025/type/book_part (13. Juli 2020).

Dietrich, Frank. 2010. Sezession und Demokratie: eine philosophische Untersuchung. Berlin ; New York: De Gruyter.

Dworkin, Ronald, und Robin Celikates. 2012. Gerechtigkeit für Igel. 1. Aufl. Berlin: Suhrkamp.

Ibsen, Henrik, und Richard Linder. 2012. Nora: (ein Puppenheim) ; Schauspiel in drei Akten. Stuttgart: Reclam.

IPBPR. 1966. „Internationaler Pakt über bürgerliche und politische Rechte“. In Völkerrechtliche Verträge: UNO, Beistandspakte, Menschenrechte, See-, Luft- und Weltraumrecht, Kriegsverhütungsrecht, Deutschlandfrage: Textausgabe, Beck-Texte im dtv, hrsg. Oliver Dörr. München: Deutscher Taschenbuch Verlag, 202–17.

IPWSK. 1966. „Internationaler Pakt über wirtschaftliche, soziale und kulturelle Rechte“. In Völkerrechtliche Verträge: UNO, Beistandspakte, Menschenrechte, See-, Luft- und Weltraumrecht, Kriegsverhütungsrecht, Deutschlandfrage: Textausgabe, Beck-Texte im dtv, hrsg. Oliver Dörr. München: Deutscher Taschenbuch Verlag, 202–17.

Fernandes, Desmond & Ofteringer, Ronald. 2001: Genozid an den Kurden in der Türkei? Frankfurt am Main: Medico Internat, (Medico-Report; 22).

Kymlicka, Will. 2006. „Staatsgrenzen Eine liberal-egalitäre Perspektive“. Deutsche Zeitschrift für Philosophie 54(4). http://www.degruyter.com/view/j/dzph.2006.54.issue-4/dzph.2006.54.4.549/dzph.2006.54.4.549.xml (13. Juli 2020).

Koskeniemi, Martti. 2005: From Apology to Utopia. The Struktur of International Legal Argument. Reissue with a new Epilogue, Cambridge UP.

Ladwig, Bernd. 2013. Gerechtigkeitstheorien zur Einführung. 2., korrigierte Auflage. Hamburg: Junius.

Locke, John, Hans Jörn Hoffmann, und Ludwig Siep. 2007. Zweite Abhandlung über die Regierung. 1. Aufl. Frankfurt am Main: Suhrkamp.

Meisels, Tamar. 2009. 72 Territorial Rights. Dordrecht: Springer Netherlands. http://link.springer.com/10.1007/978-1-4020-9262-6 (13. Juli 2020).

Miller, David. 2012. „Territorial Rights: Concept and Justification “. Political Studies 60(2): 252–68.

Oldenbourg, Andreas. 2019. Wer ist das Volk? eine republikanische Theorie der Sezession. Frankfurt: Campus Verlag.

Pettit, Philip. 1999. Republicanism: A Theory of Freedom and Government. Oxford: Oxford University Press.

———. 2012. On the People's Terms: A Republican Theory and Model of Democracy. Cambridge: Cambridge University Press. http://ebooks.cambridge.org/ref/id/CBO9781139017428 (13. Juli 2020).

———. 2017. Gerechte Freiheit: ein moralischer Kompass für eine komplexe Welt. Erste Auflage. Berlin: Suhrkamp.

Rawls, John. 2017. Eine Theorie der Gerechtigkeit. 20. Auflage. Frankfurt am Main: Suhrkamp.

Schmelzle, Cord. 2015. Politische Legitimität und zerfallene Staatlichkeit. 1. Aufl. Frankfurt am Main: Campus-Verl.

Sterio, Milena. 2013. The right to self-determination under international law: „selfistans", secession and the rule of the great powers. New York: Routledge.

**Anhang 1: Artikel des Vertrages von Sèvres über Kurdistan ***

10 AUGUST 1920: ARTICLES RELATING TO KURDISTAN

Article 62 - A Commission sitting at Constantinople and composed of three members appointed by the British, French and Italian Governments respectively shall draft within six months from the coming into force of the present Treaty a scheme of local autonomy for the predominantly Kurdish areas lying east of the Euphrates, south of the southern boundary of Armenia as it may be hereafter determined, and north of the frontier of Turkey with Syria and Mesopotamia, as defined in Article 27, II (2) and (3). If unanimity cannot be secured on any question, it will be referred by the members of the Commission to their respective Governments. The scheme shall contain full safeguards for the protection of the Assyro-Chaldeans and other racial or religious minorities within these areas, and with this object a Commission composed of British, French, Italian, Persian and Kurdish representatives shall visit the spot to examine and decide what rectifications, if any, should be made in the Turkish frontier where, under the provisions of the present Treaty, that frontier coincides with that of Persia.


Article 63 - The Turkish Government hereby agrees to accept and execute the decisions of both the Commissions mentioned in Article 62 three months from their communication to the said Government.

Article 64 - If within one year from the coming into force of the present Treaty the Kurdish peoples within the areas defined in Article 62 shall address themselves to the Council of the League of Nations in such a manner as to show that a majority of the population of these areas desires independence from Turkey, and if the Council then considers that these peoples are capable of such independence and recommends that it

should be granted to them, Turkey hereby agrees to execute such a recommendation, and to renounce all rights and title over these areas.
The detailed provisions for such renunciation will form the subject of a separate agreement between the Principal Allied Powers and Turkey.
If and when such renunciation takes place, no objection will be raised by the Principal Allied Powers to the voluntary adhesion to such an independent Kurdish State of the Kurds inhabiting that part of Kurdistan which has hitherto been included in the Mosul vilayet.

****Quelle**: McDowall, David, A Modern History of the Kurds: 464, London [u.a.] 1997 (I. B. Tauris)*

**Anhang.2**



بسم الله الرحمن الرحيم

کۆماری عێراق
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
فەرمانگەی پەرلەمانی
بەلگەنامەکان

جمهورية العراق
مجلس النواب العراقي
الدائرة البرلمانية
الوثائق

First Electoral Session
Third Legislative Year
First Legislative Term

**Resolution**

In light of the Iraqi Constitution that states in its preamble drafted to answer the Iraqi people sufferings including ethnic torements committed in Halabja, Barzan, Anfal and the Faili Kurds massacres, and to emphasize the resolution taken by the Iraqi Special Criminal Court that the notorious Anfal operations are deemed as genocide. Therefore, the Iraqi Council of Representatives, based on the aforesaid, the Council of Representatives declares that the massacres committed against the Iraqi Kurdistan people are genocide by all standards.

مجلس النواب العراقي
الديوان

Iraqi Council of Representatives
The ninth session
April 4th, 2008